# هەرێمی کوردستان .. لەنێوان بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئیرادەی سەربەخۆییدا



د. جعفرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

شاراوە نییە ململانێ نێودەوڵەتییەکان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چڕبۆتەوە، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان، بە رادەیەکی وا گەورەیە کە لە هیچ قۆناغێکی مێژوویی بەم ئەندازەیە و بەم شێوەیە روویندەداوە، دیارە ئەم ململانێ دژوارەش هەم دەرفەت لە بەردەم خەڵکی کوردستان دروست دەکات، هەمیش مەترسی گەورە دروست دەکات.

دەرفەتەکان و مەترسییەکان پەیوەستن بەوەی کوردستانییان چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن و بە چ شێوازێك دەتوانن ئەو بەرژەوەندییانە بگونجێنن کە لەگەڵ حەز و خواست و بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان یەك بگرێتەوە.

گومان لەوەدا نییە بەرژەوەندی جیۆپۆلیتیکی هەرێمەکان هەمیشە مەترسییان لەسەر خەڵکی کوردستان دروست کردووە و ئێستاش دەبێت مامەڵەی ژیرانە لەگەڵ ئەو جۆرە بەرژەوەندییانە بکرێ، کە پێوەندییان بە سەروەریی خاکی کوردستانەوە هەیە. هەر بۆیە دەبێت بە هەموو توانایەك رێگە نەدرێت هێزی لەشکری دەوڵەتە ئیقلیمیەکان بوونیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەو هێزەی بوونیشی هەبێت، دەبێت هێزێکی شەڕکەر نەبێت. دیارە بەرژەوەندی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە بواری جیۆپۆلیتیك ئەو مەترسییە گەورەیە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان دروست ناکەن، بە ئەندازەی ئەو مەترسییەی کە هێزە ئیقلیمییەکان دروستی دەکەن. رووسیای نوێ بەرژەوەندی لەوەدایە بۆ ماوەیەکی درێژ ململانێی سارد لەگەڵ (ناتۆ) بگوازێتەوە بۆ ململانێیەکی (گەرم) و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لە دەریای (سپی) کە خاڵی لاوازی (ناتۆ) یە لە رووی جیۆپۆلیتیکەوە، وەك چۆن (ئۆکرانیا و قرم) خاڵی لاوازی رووسیایە.

کوردستانییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جەنگە گەرمە بکەن کە پێشبینییەکان لە نێوان سوپای تورکیا و سوپای رووسیا دەستی پێکردووە و هەموو پێشبینییەکان بە ئاراستەی ئەوەن کەوا ئەم (جەنگە گەرمە) درێژەی هەیە و تەنیا لەم سنوورەدا ناوەستێت، بەڵکو فراوانتر دەبێت و ئەو هەموو هاوپەیمانێتییە هەرێمییانە، هاوپەیمانی عەرەبی لە جەنگی (یەمەن)، هاپەیمانی ئیسلامی دژی

تیرۆر و هاوپەیمانی نوێ کە دەیەوێت جێگەی هاوپەیمانی ناتۆ بگرێتەوە لە نێوان (رووسیا، ئێران، عێراق، سووریا) و هاوپەیمانی هاوکاری شنەگەهای، هەموو ئەو رووداوانە بۆ جەنگێکی بەرفراوانی گەرم لە ناوچەکەدا رێگا خۆش دەکەن. ئەگەر ئەم رووداوانە بەراورد بکەین لەگەڵ رووداوەکانی بەر لە جەنگی دووەمی جیهان، دەبینین زۆر خاڵی هاوبەشی تێدایە، گرنگترینیان ئەوەیە کە چۆن لەو کاتەی (عصبە الامم) پەك خرابوو کە نەیدەتوانی هیچ رۆڵێك لە قەیرانە نێودەوڵەتییەکان ببینێ، بەتایبەتیش لە قەیرانە لەشکرییەکان، ئێستاش نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێت رۆڵێکی نابژیوانی و نێوانگری لە قەیرانە جیهانی و هەرێمییەکان ببینێ و چەند میحوەری لەشکری و سیاسیی جیهانی و ئیقلیمی دروست بووە و جێگای نەتەوە یەکگرتووەکانی گرتۆتەوە، بە رادەیەك کە لە قەیرانی لەشکری دژواردا وەکو ئەوەی لە (ئۆکرانیا و قرم) و وەکو ئەوەی لە نێوان (رووسیا و تورکیا) نەیتوانیوە هیچ رۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ، هەروەکو نەبێت وایە.

لە بارێکی وادا کە (جەنگی گەرم) لە ناوچەکەدا بەرپابووە و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر گەشە دەکات، دەبێت کوردستانییان چ رۆڵێك بگێڕن؟ ئایا دەتوانن تا چ رادەیەك ببنە بەشێك لە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟ ئایا لە هەرێمی کوردستان ئەو زەمینە هەیە کە هێزە سیاسییەکان یەکگرتوو بمێنن، ئەگەر هاتوو ئێران و تورکیا بە شێوازێکی فەرمی و ئاشکرا لەسەر دوو جەمسەری ناکۆك دابەشبوون، کە هەموو شیکردنەوەکان ئاماژەی پێدەکەن و ئەوەی بەدی دەکرێت کە ئێستا رووسیا چەند هەنگاوێك پێش (ناتۆ) یە و لە هەموو روویەکەوە خۆی ئامادە کردووە، ئەوەی بە باشی خۆی ئامادە نەکردووە، ئەمریکایە، کە لە سەردەمی دیموکراتەکان و تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ لە رووی سیاسەتی دەرەوەی لەو پەڕی لاوازیدا بەردەوام دەبێت، هەربۆیە رووسیا بە پەلە ئەم شپرزەیی و لاوازییەی ئەمەریکا و ئامادەنەبوونی (وەکو پێویست)ی ناتۆ بقۆزێتەوە و لەسەر خاك دەستکەوتی زیاتر تۆمار بکات.

رووسیا باش دەزانێت کە ئامادەکارییە ئیقلیمییەکان ئەوەی پێش چەند رۆژێك راگەیێنراوە (هاوپەیمانی ئیسلامی دژەتیرۆر) یان (هاوپەیمانی عەرەبی) لە یەمەن ناتوانن ببنە کۆسپ لە بەردەم (ملهوڕیی) رووسیا لە ناوچەکەدا، کە لە ماوەیەکی نزیکدا لە (عێراقیش) دەکەوتە جووڵە، ئەگەر لەم رۆژانەدا لە کەناڵە نهێنی و گەرمە دیپلۆماسییەکان ئەوەی دەیەوێ و داوا دەکات دەستی نەکەوێت.

بۆیە پێویستە کوردستانییان رۆڵیان لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ (بەغدا و دیمەشق و تاران و ئەنقەرە)، خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ رووسیای نوێ بکەن و رێزێکی تایبەتی لێ بگرن، لەبەر ئەوەی دەتوانێت رۆڵێکی بەهێز لە جەنگی دژ بە داعش ببینێت و مامەڵەیەکی تایبەت و راستەوخۆ لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و بەتایبەتی وزە و تەنانەت بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتییەکانی رووسیا کە بەو ئاڕاستەیە رووسیا بتوانێت هاوکار بێت لەوەی سنوورێك بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان دابنێت بەوەی دەستێوەردانی لەشکری لەناو هەرێم ئەنجام نەدەن، بەوەش مومکینە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکگرتوویی بمێنن.

دیارە ئیرادەی سەربەخۆ و سەربەخۆیی، لە ئیرادەی یەکگرتوو دروست دەبێت، ئیرادەی یەکگرتووش لەیەك هەڵوێستیدا خۆی دەبینێ و لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان ئەگەر هەوڵی جددی بدات، دەتوانێت یەکڕیزیی خۆی بەهێز بکات و لە مەترسی هەرەسهێنان رزگاری بکات و دەتوانێت فاکتەرێکی ئیجابی بێت لە ناوچەکەدا و هاوکاری خۆی بکات و هاوکارێکی باش بێت بۆ رۆژئاوای کوردستان کە لە مەترسییەکی گەورەدایە و تەنیا ئەوەی بتوانێت لەو مەترسییانە رزگاری بکات، هەرێمی کوردستانە.

لێرەدا کۆنگرەیەکی نیشتمانی لەسەر ئاستی هێزە سیاسییەکان و نوخبەی سیاسی و ئەکادیمی لە ناوخۆی هەرێمدا بە پێویستییەکی نیشتمانی و هەنوکەیی دەزانین، بۆ ئەوەی وردتر و وریاتر و ژیرانەتر لە جاران هەنگاو بنێین.

لە ڕێرەوی مێژوودا، هەمیشە ئەزموون خزمەتی عەقڵی کردووە و عەقڵانییەتی بەهێز کردووە، بەڵام هەمیشە بەرژەوەندییەکان بەسەر عەقڵانییەتدا زاڵ بوون، تا ئەو رادەیەی بەرپاکردنی (جەنگی جیهانی گەرم) بە پلانێکی عەقڵانی و بە هەستێکی ناعەقڵانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان کە هەر لایەنێك بۆ خۆی بە رەوای دەزانێت، ئاسایی بووە.

---

***جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**



## بۆ ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە

# ئێمە کێین؟



«لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆیی، ئەمەریکییەکان بوونەتە گەلێک بایەخ بە ئاڵای خۆیان دەدەن، ئەستێرە و نەخشەکانی سەر ئاڵاکە بە ئاستی ئایین پیرۆزە لایان، هێمایەکی سەرەکییە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی ئەمەریکییەکان، بەڵام وێڕای ئەمەش، ئاڵای ئەمەریکا بەو شێوەیە لە هەموو شوێنێک هەڵنەدەکرا، وەک ئەوەی لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر هەستمان پێدەکرد و لە هەموو شوێنێک ئاڵاکە دەشەکایەوە، لەسەر ماڵان، کۆمپانیا بازرگانییەکان، ئۆتۆمبێلەکان، لەسەر کراس چاپ دەکرا و لەسەر کەلوپەلی ناوماڵ نەخش دەکرا، لە پەنجەرەکان دەدرا، پێشی دووکانەکانی پێ دەڕازێنرایەوە و بە ستوونی کارەبا و تەلەفۆندا دەشەکایەوە، لە دوای تەنیا ٢٠ رۆژ لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، ئامارەکان پیشانیاندا..٨٠٪ ئەمریکییەکان ئاڵایان لە یەخەی خۆیان دەدا..٦٣٪ لەسەر ماڵەکانیان ئاڵایان هەڵکردبوو، ٢٩٪ ئاڵایان لەسەر جلوبەرگەکانیان چاپ کردبوو، ٢٨٪ ئاڵای لە ئۆتۆمبێلەکانیان دابوو، ئامارەکان دەڵێن دووکانەکانی وۆڵ ستریت لە رۆژی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، زیاتر لە ١١٦ هەزار ئاڵا و لە رۆژی ١٢ی سێپتەمبەر ٢٥٠ هەزار ئاڵای ئەمەریکایان فرۆشتووە. ئەم رێژەیە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ رۆژانی ١١و١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٠، ئەوا رێژەی هەردوو رۆژەکە لەسەر یەک ٦٤٠٠ بۆ ١٠٠٠ ئاڵابووە، کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر وایکرد خواستی ئەمەریکییەکان بۆ هەڵکردنی ئاڵا دەیان جار لە سەروەختی شەڕی کەنداو زیاتر بکات. ئەوکات رێژەکە دووجار، یان سێجار زیادی کرد، ئەم حاڵەتە ئەوەمان پیشاندەدا، پێش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر هەستدەکرا هەست و ئینتمای ئەمەریکیبوون لە داشکاندا بووە، بەڵام ئەو کارەساتە وایکرد دووبارە ئەمەریکییەکان باوەش بە ئاڵاکەیاندا بکەنەوە و لە خۆیان بپرسن: ئێمە کێین؟»

- سامۆئیل هنتگتن
- کتێبی: ئێمە کێین؟ (Who are we?)

**لەسەر پرسی ناوی پێشمەرگەش کە ئێستا لە جیهاندا بۆتە هێما و سیمبول بۆ ناوی کورد و کوردستان، دیسان پەکەکە و پەیەدە لەسەر ئەم ناوە ناکۆکن و دەیانەوێت لە ناو هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ناوێکی دیکە بۆ چەکدارەکانیان دروست بکەن و خۆیان لە پێشمەرگە جیابکەنەوە**

### ● ئاڵا بەڵگەیەکی بەرجەستەکراوی دەربڕینی ئینتیما و یەکبوونی نەتەوەییە

پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی کە لەسەر داکۆکیکردنی لەمافەکانی نەتەوەی کورد بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لە زینداندا بردەسەر، لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا کە رۆژی ١٤ی تەموزی ٢٠١٤ بڵاو کراوەتەوە، سەبارەت بە زەمینەسازکردن بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لێمان پرسی: ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە پێویستە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە سەری رێکبکەون، بۆ ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی سەرکەتوو بێت؟ بێشکچی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: «بۆ ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سەرکەوتوو بێ، ئەوە دەبێت پێشتر کورد لەنێو خۆیدا لەسەر هەندێك پرەنسیپ ڕێککەوتبن و یەکلایان کردبێتەوە، هەروەها سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستی بە ڕێککەوتنی سەربازی لە نێوان هەموو لایەنە کوردییەکانە بۆ ئەوەی لەسەر پرەنسیپەکان ڕێکبکەون، کە گرنگترینیان پرسی ئاڵای کوردستانە، هەر بۆ نموونە ئەو ئاڵایەی ئێستا لە کوردستانی باشوور هەڵکراوە و دەشەکێتەوە، لەساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵەی خۆیبوون ڕایگەیاندووە و لەساڵی ١٩٤٦یش دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئەو ئاڵایە هەڵکراوە، بەڵام ئێستا پەیەدە و پەکەکە ئەو ئاڵایە ڕەتدەکەنەوە و باس لەوە دەکەن ئەو ئاڵایە گوزارشت لەوان ناکات، بۆیە پێویستە پێش هەمووشت پرسی ئاڵا چارەسەر بکرێت، هەتا ئەم پرسە چارەسەر نەکرێت، کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ نرخ و مانایەکی نابێت». ئەم وەڵامەی بێشکچی راشکاوانە ئەوەی خستۆتەڕوو، ئەو ئاڵایەی لە رۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ لە کۆماری کوردستان و لە سەر دەستی قازی محەمەد و لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد هەڵکرا و بە بڕیاری ژمارە ٤٨ پەرلەمانی کوردستان لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٠٤ رۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك بە رۆژی ئاڵای کوردستان دیاریکراوە، ئەم ئاڵایە پەیوەست نییە بە پارچەیەکی کوردستان، بەڵکو ئەم ئاڵایە هێمایە بۆ هەموو کوردستان و بۆ هەر کوردێك کە لە ناو کوردستان بژی، یان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بژی. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەوەی ئیسماعیل بێشکچی دۆستی کورد ئاماژەی پێکردووە، دوژمنان و ناحەزانی کوردستانیش هەمان بۆچوونیان هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن: بەڵێ. لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٧ مایکل رۆبن کە یەکێکە لەو کەسانەی لە ناوەندەکانی سینتاکسی ئەمەریکا بە پارە کار بۆ ژەنراڵەکانی تورك دەکات و هەرێمی کوردستان و



سەرۆك مسعود بارزانی وەك مەترسی وێنا دەكات، لە وتارێكیدا بەناونیشانی (هاتنەدی خەون و خەیاڵەكانی كورد - Enabling Kurdish Illusions) راشكاوانە ئاماژە بەوە دەكات: «ئەو ئاڵایەی مسعود بارزانی بڕیاری دا لە هەرێمی كوردستان هەڵبكرێت، هەمان ئەو ئاڵایە كە لە ساڵی ١٩٤٥ لە كۆماری كوردستان لە مهاباد هەڵكراوە، ئەو نەخشانەی لە هەولێر چاپكراون و دەفرۆشرێن سنووری كوردستان لە دەریای سپی ناوەڕاست دەبەستێتەوە بە كەنداوەوە». ئاماژەكردن بەم دوو لێدوانە گەیشتنە بەو ئاكامەی كە دۆست و دوژمن یەك پێناسەیان بۆ مانا و مەدلولی ئاڵای كوردستان هەیە و ئەو مانا و مەدلولەش ئەوەیە ئاڵای كوردستان هێمایە بۆ ناسنامەی كوردبوون و كوردستانیبوون، ئەم ئاڵایە مێژووی خەبات و مقاوەمەت و قوربانیدانی سەدان هەزار رۆڵەی كوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە ئەو مانا و مەدلولەی پێبەخشیوە و ئەم مانا و مەدلولەی ئاڵای كوردستان لەوە گەورەترە بە لە دیدی تەسكی حزبایەتی، یان روانگەی بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیركاری كوردستانەوە سەیر بكرێت. بەڵام وەك ئیسماعیل بێشكچی راشكاوانە ئاماژەی پێكردووە، پەیەدە و پەكەكە ئەم ئاڵایە رەتدەكەنەوە بە بیانووی ئەوەی ئەو ئاڵایە گوزارشت لەوان ناكات!!

پرسیاری گرنگ لەسەر ئەم پرسە ئەوەیە: ئایا ئێوە كێن هەتا ئەم ئاڵایەی كوردستان گوزارشت لە ئێوە نەكات؟ لەمەش زیاتر پرسیاری دیكە ئەوەیە: ئایا ئێوە كێن رێگری لە هەڵكردنی ئاڵای كوردستان دەكەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بەوەیە لە روانگەی بیری نەتەوەیی كورد و نیشتمانی كوردستانەوە وەڵامیان بدرێتەوە و هەر تاكێكی كوردستان هەڵوەستەی لەسەر بكات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پرسی ئاڵای كوردستان، پرسێك نییە سازشی لەسەر بكرێت، یان لە وتووێژ و كۆبوونەوە حزبییەكاندا باسی لەسەر بكرێت، ئەم پرسە لەوە گەورەترە كە حزبی سیاسی یاری بە مێژوو و سیمبولەكانی نەتەوە بكات، ساموئیل هنتگتن لە كتێبی (ئێمە كێین؟) راشكاوانە جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە گەورەیی كارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، وایكرد جارێكی دیكە ئەمەریكییەكان بە هۆش خۆبێنەوە و بپرسن: بۆچی لە ئاڵا دووركەوتووینەتەوە؟ لە هەمانكاتدا لە بندێڕی ئەم رستانەدا كە هنتنگتن ئاماژەی پێكردووە لە دوای كۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆی ئەمەریكاوە ئەستێرە و نەخشەكانی سەر ئاڵاكە هێندەی ئایین لای ئەمەریكییەكان پیرۆزی وەرگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ئاڵایە كۆتایی بە دابەشبوون و دووبەرەكیی نێو ماڵی ئەمەریكا هێنا

**جێگای شانازییە بۆ مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان كە ناوی پێشمەرگە بە وشەی پێشمەرگە و بە بێ وەرگێڕان بۆ سەر هیچ زمانێک هەر بەمانا كوردییەكەی تێكەڵاوی فەرهەنگی هەموو زمانە زیندووەكانی جیهان بووە و ئەمەش مانای ئەوەیە پێناسەی پێشمەرگە واتە تەنیا هێزی چەكدارە لە جیهاندا كە شەڕ دەكات بۆ كۆتاییهێنان بە شەڕ**

و، ئەمەریکییەکان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا بە درێژای زیاتر لە ١٥٠ ساڵ تا کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بوونە ئەو دەوڵەتەی سەرکردایەتی جیهان بکەن. ئەم پەیامەی هنتنگتن سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی تیرۆر و دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری و دڵنیایی بۆ ناوخۆی ئەمەریکا، ئەوەشی لە خۆی گرتووە، تەنیا خودی ئەمەریکییەکان بە دووبارە گردبوونەوەیان لە دەوری ئاڵاکەیان و بە وەلانانی ناکۆکییەکانیان دەتوانن، ڕێگە لە تیرۆریستان بگرن و دژایەتی تیرۆر ئەرکی هەر تاکێکی ئەم وڵاتەیە کە خۆی بە ئەمەریکی بزانێت. ئەمە وایکرد دوای ١١ی سێپتەمبەر، ئەمەریکا بیر لە دامەزراندنی وەزارەتێك بکاتەوە بە ناوی (وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ)، لەم راستەوە ئەگەر پەیامەکەی ئیسماعیل بێشکچی-یش دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بۆ بکەین، هەست دەکەین ئەوەی هنتنگتن بە گەلی ئەمەریکای راگەیاندووە، بێشکچی هەمان پەیامی ئاراستەی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان کردووە و راشکاوانە پێمان دەڵێت: «ئەگەر دەتانەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سەرکەوتوو بێت و ئەم کۆنگرەیە ببێتە دەنگێك بۆ دەبڕینی خواستی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەوا دەبێت، هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر چەند پرانسیپێك ڕێکبکەون، کە لە هەموویان گرنگتر پرسی ئاڵای کوردستانە». ئەگەر سەرنج بدەین بێشکچی بە هاوشێوەی هنتنگتن، ئاڵا دەکاتە سیمبولی یەکبوون و یەکڕیزی و وەلانانی دابەشبوون و ململانێی حزبی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا.

بەڵام بەداخەوە کاتێك کوردانی رۆژئاوا لە رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا لە رۆژئاوای کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵا ئەم رۆژە پیرۆز دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن، بە ئاشکرا لە شاشەی تیڤییەکانەوە بینیمان چۆن ئاسایشی پەیەدە دژی ئەو خەڵکە رادەوەستنەوە کە ئەو رۆژە پیرۆز دەکەن، لەمەش خراپتر ئاسایشی پەیەدە ئاڵای کوردستان دادەگرێت و ماڵ بە ماڵ بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە ئاڵای کوردستانیان هەڵگرتووە.

ئەم رەفتارەی ئاسایشی پەیەدە کە رەنگدانەوەی ئەفکاری پەکەکە و پەیەدە، بێشکچی جوانی پێکاوە کە دەڵێت: «پەیەدە و پەکەکە ئەم ئاڵایە رەتدەکەنەوە»، بەڵام هەڵکوتانە سەر ماڵان و داگرتنی ئاڵای کوردستان، نابێت بە تەنیا وەك کردەوەی چەند پۆلیسێکی ئاسایشی پەیەدە سەیر بکرێت، بەڵکو لە پشت ئەم رەفتارە ناشرینەوە، فیکرێکی نامۆ هەیە و بۆتە پێخۆری دروستکردنی درز و کەلێن لە ناو فیکری نەتەوەییمان و بۆتە فاکتەرێك بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەناو تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا.

ئەم بیرکردنەوە ژەهراوییەی پەکەکە و پەیەدە، خۆ گێلکردنە لەو واقیعەی کە رای گشتی جیهانی ئەمڕۆ لەسەر کورد دروستی کردووە. ئەوانە لەوە بێئاگان جیاوازی نێوان رای گشتی و سیاسەتی حکومەت و حوکمڕانی لە وڵاتانی دیموکراتی و جیهانی ئازاد مانای چییە، بۆیە هەتا ئەمڕۆش لەناو سیاسەتی حکومەت و حوکمڕانی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە فەرمی لەگەڵ سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستاندا نین، بەڵام رای گشتی هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ و ئەمەریکا پشتگیری لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکات، میدیاکانی رۆژئاوا کاتێك هەواڵێك لەسەر کوردستان بڵاو دەکەنەوە، وێنەی پێشمەرگەیەك و ئاڵایەکی کوردستان پیشاندەدەن، سەبارەت بەم لایەنە وەك بیرمەند و فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسی ریجس دوبریە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دیمانەیەکی تایبەتدا بە گوڵانی راگەیاندووە و رەخنە لە حکومەتی فەرەنسی دەگرێت و دەڵێت: «بە حکومەتی فەرەنسا دەڵێم بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە هاوکاری هێزی پێشمەرگە مەکەن، بەڵکو فڕۆکەکان بدەن بە کوردستان و پێشمەرگە بکەنە فڕۆکەوان لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان دەزانن چۆن بەرگری لە خۆیان دەکەن». دۆبریە کە ئەم قسەیە دەکات مانای ئەوەیە رووی کردۆتە فەرەنسا بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، نەك هێشتنەوەی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا.

کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت رای گشتی لە وڵاتانی جیهانی ئازاد و دیموکراتی، سەرەتایەکە بۆ گۆڕینی زۆر شت لە ریشەوە، هەروەك چۆن ئێستا لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا سەرۆکی وڵاتان و وەزیرانی بەرگری و دەرەوە راشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن (هیچ دیفاکتۆیەکی تەقلیدی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی نەماوە، هەتا بەرگری پێبکرێت، بۆیە ئێستا هەموو بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە دوو وشەدا چڕدەکرێتەوە کە ئەوانیش - ئاژاوە و رووبەڕووبونەوەی ئاژاوە-یە. گەیشتن بەم قەناعەتە تازەیە لەسەر ئاستی رای گشتی و سەنتەرەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان، جیاوازە لەو پەیامە فەرمییانەی سەرۆکی دەوڵەتان و وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی ئەو دەوڵەتانە لە پشتی

**هۆکاری سادە بۆ ئەم جیاوازییەی نێوان ناوی پێشمەرگە و هەموو ئەو ناوانەی دیکە کە لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی دیکە هەبوون، ئەوەیە تەنیا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی مێژوو شێوازی خەباتکردنی بۆ رزگاری و سەربەخۆیی تێکەڵاوی کاری تیرۆریستی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ نەبووە**

**ناوی پێشمەرگە بە هاوتای ئاڵای کوردستان بەرهەمی مێژوویی خەباتی رزگاریخوازی کوردستانە و لە ناو مێژووی قوربانیداندا ئەم ناوە لەدایك بووە و داهێنراوی هیچ حزبێکی کوردستانی نییە، بەڵام ئەم ناوە لەوەتەی دروستبووە مێژوویەکی بۆخۆی تۆمارکردووە**

**بێشکچی بە هاوشێوەی هنتنگتن، ئاڵا دەکاتە سیمبولی یەکبوون و یەکڕیزی و وەلانانی دابەشبوون و ململانێی حزبی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا**

مایکرۆفۆنەکانەوە لێدوانی پێدەدەن.

بۆیە لە کاتێکدا ئەم هەموو گۆڕانکارییە گەورەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە بوونی هەیە و لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا تیرۆریستانی داعش لە چەندین میحوەرەوە گەورەترین هێرش دەکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی ئاڵای کوردستان دابگرن و ئاڵای ڕەشی داعش هەڵبکەن، لەبەرامبەردا و لەهەمان ڕۆژدا هێزێکی بەناو کوردی لە پارچەیەکی کوردستاندا بە زەبری چەك ئاڵای کوردستان دابگرێت و ئەو کەسانە دەستگیر بکات کە ئاڵای کوردستانیان هەڵگرتووە، ئەمە دیسان لەوە گەورەترە وەك ڕەفتاری هێزێك سەیر بکرێت، بەڵکو ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو فیکرە قێزەوەنەیە کە بێجگە لە تێکدانی یەکڕیزی و یەکبوونی کوردستان هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە. دەبێت خۆیان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە کە: بە دژایەتیکردنی ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان ئێوە کێن و لە جیهاندا ناوتان چی دەبێت؟

**● پێشمەرگە هێمایەك بۆ ناسینەوەی کوردستان**

پرسێکی دیکە کە زۆر گرنگە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەری ڕێکبکەون، ڕێککەوتنی سەربازی و ناوی پێشمەرگەیە، ناوی پێشمەرگە بە هاوتای ئاڵای کوردستان بەرهەمی مێژوویی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانە و لە ناو مێژووی قوربانیداندا ئەم ناوە لەدایك بووە و داهێنراوی هیچ حزبێکی کوردستانی نییە، بەڵام ئەم ناوە لەوەتەی دروستبووە مێژوویەکی بۆخۆی تۆمارکردووە کە هاوتای ئاشقانی ئازادییە و لە پێناوی ئازادییدا لە پێش —مەرگ ـەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە ناوی پێشمەرگە تەنیا بریتی نییە لە چەککردنە شان و یاخیبوون و ڕووکردنە چیا. ناوی پێشمەرگە تەنیا بریتی نییە لە شێوازی شەڕی پارتیزانی، یان شەڕی بچووکی گرووپ گرووپ، ڕاشکاوانەتر، ناوی پێشمەرگە مورادیفی چەکداری پارتیزان و گەریلا و تەنانەت ئەو چەکدارانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینیش نییە کە ناویان لە خۆیان ناوە «فیدائی»، هۆکاری سادە بۆ ئەم جیاوازییەی نێوان ناوی پێشمەرگە و هەموو ئەو ناوانەی دیکە کە لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی دیکە هەبوون، ئەوەیە تەنیا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی مێژوو شێوازی خەباتکردنی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی تێکەڵاوی کاری تیرۆریستی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ نەبووە، بۆ ئەمەش جێگای شانازییە بۆ مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان کە ناوی پێشمەرگە بە وشەی پێشمەرگە و بە بێ وەرگێڕان بۆ سەر هیچ زمانێك هەر بەمانا کوردییەکەی تێکەڵاوی فەرهەنگی هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان بووە و ئەمەش مانای ئەوەیە پێناسەی پێشمەرگە واتە تەنیا هێزی چەکدارە لە جیهاندا کە شەڕ دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، ئەم شەڕەی پێشمەرگەش دەیکات بە درێژایی مێژوو شەڕ بووە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ. هەر کاتێك شەڕ یەخەی کوردستانی گرتبێت، پێشمەرگە بەرپەرچی داوەتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕ بهێندرێت.

بەداخەوە دیسان لەسەر پرسی ناوی پێشمەرگەش کە ئێستا لە جیهاندا بۆتە هێما و سیمبول بۆ ناوی کورد و کوردستان، دیسان پەکەکە و پەیەدە لەسەر ئەم ناوە ناکۆکن و دەیانەوێت لە ناو هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ناوێکی دیکە بۆ چەکدارەکانیان دروست بکەن و خۆیان لە پێشمەرگە جیابکەنەوە، ئەم حاڵەتە ئەو مێژووی کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوومان بیردەهێنێتەوە کە ناوی بارزانی ببووە هێما و ناسنامەی کورد لە جیهاندا، بەڵام گرووپێك لەسەر ئاستی لۆکاڵ دژایەتی بارزانی و ناوی بارزانی-یان دەکرد، بەڵام کە دەچوونە دەرەوەی وڵات، لەبەر ئەوەی بەبێ ناوی بارزانی کەس نەیدەناسین، بە ناچاری کە لێیان دەپرسین، ئێوە کێن؟ دەیانگوت: ئێمە ئەو میللەتەین کە بارزانی سەرۆکمانە، ئێستاش بە هەمان شێوە پەیەدە و پەکەکە، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە باس لە گەریلا و شەڕڤان بکەن، هەردەبێت کاتێك وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە بەوەی ئایا گەریلا و شەڕڤان چین؟ دەبێت بڵێن پێشمەرگەیە.

لێرەوە گرنگە لە مانا و مەدلولی ئاڵای کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان تێبگەین و دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە چەند بیری تەسکی حزبایەتی و فیکری نامۆ بە کوردبوون و کوردایەتی سەرمان لێبشوێنێت، چەند لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان هەوڵبدەین خۆمان لەیەکتری جیابکەینەوە و ناو و هێمای جۆراوجۆر بۆ کوردبوونمان دابتاشین، ئەوا دەبێت ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆمان بکەینەوە، ئایا بەبێ ئاڵای کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان، ئێمە لە جیهاندا کێین و چین؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕاستگۆیی و بوێری دەوێت، لە هەمانکاتدا یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی دەوێت بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ فیکری لێکترازان و بێڕێزیکردن بە سیمبولی کوردبوون و کوردستانیبوونمان دابنرێت.

**پرسی ئاڵای کوردستان، پرسێک نییە سازشی لەسەر بکرێت، یان لە وتوێژ و کۆبوونەوە حزبییەکاندا باسی لەسەر بکرێت، ئەم پرسە لەوە گەورەترە کە حزبی سیاسی یاری بە مێژوو و سیمبولەکانی نەتەوە بکات**

**بێشکچی جوانی پێکاوە کە دەڵێت: «پەیەدە و پەکەکە ئەم ئاڵایە ڕەتدەکەنەوە»، بەڵام هەڵکوتانە سەر ماڵان و داگرتنی ئاڵای کوردستان، نابێت بە تەنیا وەک کردەوەی چەند پۆلیسێکی ئاسایشی پەیەدە سەیر بکرێت، بەڵکو لە پشت ئەم ڕەفتارە ناشرینەوە، فیکرێکی نامۆ هەیە و بۆتە پێخۆری درووستکردنی درز و کەلێن لە ناو فیکری نەتەوەییمان و بۆتە فاکتەرێک بۆ ڕێگرتن لە درووستبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەناو تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا**

### شێخ جەعفەر شێخ مستەفا
### فەرماندەی یەکەی٧٠ی هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# تا سەر ئێسقان دژی هێزی حزبم و نابێت هێزی پێشمەرگە خۆی تێکەڵاوی گۆڕانکارییەکانی حکومەت بکات

**سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەرگای جیهانی بە ڕووی کوردستاندا واڵا کردووە و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بەردەوام سەردانی کوردستان دەکەن و پێشوازی لە سەرۆك و شاندەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن. حاڵی حازر ناو و ناوبانگی پێشمەرگە گەیشتۆتە ئاستێك کە هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش وەك هێزی زەمینی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگابوونەوەی داعش سەیری پێشمەرگە دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ڕوانگەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا لە بارەی پێشمەرگە و وەڵامدانەوەیان بۆ پێداویستییەکانی پێشمەرگە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی یەکەی ٧٠ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**



*** بەم دواییە شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی پەرلەمانی ئەوروپاتان کرد. لەم گەشتە چۆن مامەڵە لەگەڵ شاندەکەی وەزارەتی پێشمەرگە کرا؟ تا چەند هەستتکرد کە پێشمەرگە بۆتە بەشێك لە گرنگی و بایەخی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا؟**

- دیارە لە ئێستادا زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بە فەرمی داوەتنامە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەکان دەنێرن بۆ ئەوەی سەردانی ئەو وڵاتانە بکەن و سەبارەت بە پێداویستییەکانی پێشمەرگە وتوویژیان لەگەڵدا بکەن، ئەم شاندەی ئەمجارەش کە منیش ئەندامی بووم، سەردانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپامان لە برۆکسل کرد، پێشوازی ئەوروپییەکان لە پێشمەرگە زۆر لە ئاستێکی بەرزدایە و بە رادەیەکە لەوانەیە من نەتوانم وەك خۆی دەریببڕم، زۆر بە گەرمی گوێیان بۆ داخوازییەکانمان راگرت. لە سەردانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی بەلجیکا بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە شاندی پێشمەرگە کرا. دوای ئەوە لەگەڵ نوێنەری حکومەتی بەلجیکا لە ناتۆ کۆبووینەوە، دواتر لەگەڵ لیژنەی بەرگری و ئاسایشی پەرلەمانی ئەوروپا کۆبووینەوە. لەم کۆبوونەوانە زۆر بە باشی و بە بەیاخەوە گوێیان بۆ پێداویستییەکانی پێشمەرگە و هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکانی کوردستان راگرت، پەرلەمانتارانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بەڵێنیان پێداین کە هەر یەکەیان گوشار بخاتە سەر حکومەتەکەی خۆی بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکرێت و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت. هەروەها سەردانی ئیتاڵیا-مان کرد و

**ئێمە نامانەوێت لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی هیچ کێشەیەکمان هەبێت و وەک هەرێمی کوردستانیش پێمان خۆشە ئەو هێزە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەماهەنگ بن بۆ تیکشاندنی تیرۆریستانی داعش، لەبەر ئەوەی داعش دوژمنێکی گەورە و مەترسییەکی گەورەی هاوبەشە لەسەر هەردوولامان**

لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتاڵیا کۆبووینەوە و بەڵێنی پێداین هەرچی لە توانای وەزارەتی بەرگری ئیتاڵیادا بێت بۆ پێشمەرگە دریغی نەکات. پێشتر وەزارەتی پێشمەرگە لیستێکی پێداویستی ناردبوو بۆ وەزارەتی بەرگری ئیتاڵیا و دووبارە لیستەکەمان پێدانەوە و بڕیاریاندا دیراسەتی ئەو لیستە بکەن و ڕەوانەی پەرلەمانی بکەن بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بدرێت. هەر بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی ئیتاڵیا کۆبووینەوە لەوێش دڵنیایان کردینەوە ئەو لیستەی وەزارەتی بەرگری بەرزی دەکاتەوە بۆ پەرلەمان ئەوان پشتگیری لێدەکەن، هەر لەم سەردانە چووینە ڤاتیکان و لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش کۆبووینەوە و ڤاتیکانیش پشتیگری خۆی بۆ هاوکاری پێشمەرگە و هاوکاری مرۆیی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

*** بێگومان پێشمەرگە تەنیا هێز بووە لەسەر زەوی کە بتوانێت ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکاتەوە. ئایا تا چەند ئەم تێڕوانینە لای ئەوان ڕەنگدانەوەی هەبوو؟**

- ئەو خەڵکانەی ئێمە لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و پەرلەمانی ئەورووپا بینیمان، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە تاکە هێزێك لەم ناوچەیە بتوانێت تیرۆریستانی داعش پاشەکشە پێبکات و تێکیان بشکێنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، لەمەش زیاتر زۆر سەرسامن بە هێزی پێشمەرگە لەکاتێکدا چەك و پێداویستیەکی زۆر کەمی لەبەردەستە توانیویەتی سەرکەوتنی وا بەدەستبهێنێت، من خۆم گوێم لێییان بووە گوتویانە ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگە بەدەستیهێناوە بە زۆر سوپای مۆدێرن بەدەست نایەت، ئەمە وایکردووە پێشمەرگە ببێتە سیمبولێك لەسەر ئاستی ناوچەکە، هەروەها لەسەر ئاستی حکومەت و تەواوی گەلانی ئازادیخواز، لە واقعیشدا دیارە پێشمەرگە کەمی نەکردووە، ئەو بەرەی پێشمەرگە توانیویەتی تیرۆریستانی داعشی تێدا بشکێنێت، هەر لە کۆبانێ تا دەگاتە جەلەولا و سەعدییە بە درێژایی زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمەترە و تەنیا لەم بەرەیە و لەسەر دەستی پێشمەرگە و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان و ڕاوێژکارەکانیان توانراوە داعش تێکبشکێندرێت و لاواز بکرێت.

*** لەم قسانەتان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، دەوڵەتانی ئەورووپا ئامادەن زیاتر هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن، ئایا مەزندە دەکەیت ئەم پشتگیرییە لە ئاستی پێویست بێت؟**

- ئەوەی هەتا ئێستا هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کراوە، ناتوانم بڵێم وەك پێویست بووە، بەڵام هاوکارییەکانی ئەوان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت. دیارە ئێستا ئەوانیش بە تەواوەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە هەموومان پێکەوە لە شەڕداین و ئەوەشی ئەو شەڕە یەکلایی دەکاتەوە لەسەر زەوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی لەم شەڕە سەرکەوتوو بین، ئەوە دەبێت پێشمەرگە لە هەموو ڕوویەکەوە باڵادەست بێت بە سەر دوژمنەکەی بەرامبەریدا کە تیرۆریستانی داعشە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت چەکی دەستی پێشمەرگە لە چەکی دەستی داعش باشتر بێت. دەبێت تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی زۆری لەبەردەستدا بێت، پێشمەرگە هەتا ئێستا توانیویەتی بەو ئیمکاناتە کەمەی لەبەردەستیەتی تا ڕادەیەکی زۆر مەترسی لە هەرێمی کوردستان دووربخاتەوە، بەڵام نەمانتوانیوە مەترسییەکە کۆتایی پێبهێنین. بۆ ئەوەی بتوانین ئەم هەڕەشەیە کۆتایی پێبهێنین دەبێت بە هەموو شێوەیەك هاوکاری پێشمەرگە بکرێت. مەشق و ڕاهێنانی زیاتری پێبکەن و چەك و تەقەمەنی زیاتری بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە باڵانسی هێز بە تەواوی بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە بگۆڕێت و کۆتایی بەو هەڕەشەیە بهێندرێت.

*** سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بە گشتی و دوایین سەرکەوتنیش کە ئازادکردنی شنگال بوو، جووڵەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی جیهانی درووستکرد و هەست دەکرێت گەرموگوڕتر پێشوازی لە سەرۆکایەتی کوردستان دەکرێت. وەك لە سەردانەکانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی بینیمان، لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- بێگومان ئەمڕۆ لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش کورد ژمارەیەکی دیارە و حیسابی وردی لەسەر دەکرێت. من پێشتر باسی ئەوەم کرد ئێمە شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەندێك لە فەرماندەکان سەردانی ئەورووپامان کرد، ئەو هەموو ڕێز و تەقدیرەیان پیشاندایـن و گوێیان بۆ خواست و داواکاریەکانمان بە گرنگییەوە ڕاگرت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی گەورەترین بەربەست لە

**ئەم شەڕانەی هێزی پێشمەرگە پیشانیدا پێشمەرگە کێ بووە و ئێستاش کێیە و لە داهاتوشدا چی دەبێت. ئەو کەسانەی بوختان بۆ هێزی پێشمەرگە دەکەن و دەیانەوێت لەکەداری بکەن، یان بە میلیشیا ناویان دەبەن نابێت ڕووی ئەوەیان هەبێت لە مەجلیسدا قسە بکەن، ئێستا هەموو جیهان بە پێشمەرگە سەرسامە، پێشمەرگە لەوە گەورەترە بە قسەی ئەو خەڵکانە لەکەدار بکرێت**

**پێشتر بە هۆی ئەو بارودۆخەی هەبووە زۆر کەس تەنیا بۆ ئەوەی سوودمەند بێت خۆی خزاندبووە ناو هێزی پێشمەرگە، بەڵام نەیانتوانی شەڕ بکەن و بەجێیان هێشت، بەڵام ئێستا من وەک فەرماندەیەک دڵنیام لە سەرنگەرەکانی پێشمەرگە و دەزانم تیرۆریستانی داعش هێرشیش بکەن، تەنانەت ئەگەر سەنگەێکیش بگرن، پێشمەرگە شەڕ دەکات و سەنگەرەکە کۆنتڕۆڵ دەکاتەوە**

**ئەگەر ئێمە پلەداری هەیکەلی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بخەینە لاوە، ئەوا هەموومان پێشمەرگەین و لە یەک ئاستداین و یەک ئەرکمان هەیە و هەموو بۆ یەک ئامانج گیانفیدایی دەکەین**

بەردەمی تیرۆریستانی داعش دروست بکات و تێکیانبشکێنێت. بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کاتێك سەردانی وڵاتان دەکات ئەوا زیاتر ڕێز و تەقدیری پیشاندەدەن. بۆیە هەڵوێستی کورد و ئازایەتی هێزی پێشمەرگە بۆتە هۆکارێك هەموو دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهانیش زیاتر ڕێزمان لێبگرن و بە گەرموگوڕی پێشوازیمان بکەن و گوێ بۆ خواست و داخوازییەکانیشمان رابگرن.

*** ئەوەی لە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگەی هەڵوەستە بوو، حکومەتی تورکیا بە ئاڵای کوردستانەوە پێشوازی لێکرد. ئایا دانانی ئاڵای کوردستان لەلایەن تورکیاوە بۆ پێشوازی ئەمەیان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- هەتا نەگەڕێینەوە بۆ مێژووی تورکیا، نازانین ئەم گۆڕانکارییە چەند گەورەیە. خۆتان دەزانن سەردەمانێك لە تورکیا ناوهێنانی کورد قەدەغەبوو، بەجلی کوردییەوە ڕێگەیان نەدەدایت بچیتە نێو سنووری تورکیا، تەنانەت خەڵکانێك بە جلی کوردییەوە چوونە تورکیا لەوێ دەستگیرکراون و ڕێگەیان نەداون لە فڕۆکەخانەکانیان سەفەر بکەن. هەر خۆم جارێکیان لە فڕۆکەخانەیەك لە تورکیا ئەوەندە بیانووی نابەجێیان پێگرتم هەر مەپرسە، هەموو هۆکارەکەشی ئەوەبوو من ئەو چەند برادەرەم کورد بووین، دەوڵەتدارانی تورکیا ئەسڵەن بڕوایان بە بوونی کورد نەبووە و بە کوردەکانی کوردستانی باکووریان دەگوت تورکەکانی چیا، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری گەورە دەبینین، ئەردۆگان دێت بۆ هەولێر بە ژێر ئاڵای کوردستاندا تێدەپەڕێ، هەروەها کاتێك جەنابی کاك مسعود بارزانی دەچێتە تورکیا لە کۆشکی کۆماری ئاڵای کوردستان دادەنرێت، بۆیە بە بۆچوونی من ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورە و دەستکەوتێکی گەورەشە بۆ میللەتەکەمان و ئەم ڕێز و تەقدیرە بۆ هەر کەسێك کرابێت، ڕێز و تەقدیرە لە کوردستان گیراوە، ئەم پێشوازییە پێگەی کوردستان پیشان دەدات، بوون و پێگەی کورد و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە پیشاندەدات، کە وای کردووە لە پێشوازی سەرۆکی هەرێمەکەمان ئاڵای کوردستان دابنرێت.

*** وەك فەرماندەیەکی مەیدانی ئایا ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە ئایندەیەکی نزیکدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵی گەورەی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش بکات، یان نادیدە بیگرێت. ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە، ئێستا بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە تکریت و ئەنبار و شوێنەکانی دیکە باشتر نەدەبوو، بەڵام لەژێر سایەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و پاراستنی ئاسایش و تەناهی کوردستان، ئێستا کوردستان بۆتە نەوای ئارام بۆ سەدان هەزار خەڵکی ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی عێراق، بۆیە من وایدەبینم پشتیوان بەخوا هێزی پێشمەرگە دەبێتە سوپای بەرگری لە کوردستانی سەربەخۆ و لە ئایندەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێتە سوپایەکی مۆدێرنی مەشق پێکراوی پڕچەك و لەو ئاستەدا دەبێت کە هەم بتوانێت بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، هەم ئاسایش و تەناهیش لە وڵاتەکە بپارێزێت.

*** لایەنێکی دیکە کە لەم شەڕەدا بە ڕاشکاوی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەیە کە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە هەر لە سەرۆك بارزانی تا تەواوی فەرماندەکانی دیکە هاوشانی پێشمەرگە لە ڕیزی پێشەوەی شەڕەکە بوون، ئایا ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی ڕاست دەزانیت و هیچ مەترسییەك دروست ناکات؟**

- ئەم دیاردەیەی کە فەرماندەکان هاوشانی پێشمەرگە لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕ بین، ئەمە لە خەباتی شاخەوە فێری بووین، لە قۆناخی مقاوەمەتی پێشمەرگە لە شاخ، فەرماندەکانی پێشمەرگە قەت پێیان نەووتووین بڕۆن، پێیان وتووین وەرن، واتە فەرماندەکانیش هاوشێوەی پێشمەرگە لە ڕیزی پێشەوەی شەڕەکان بوون. سەبارەت بەوەش کە دەپرسیت ئایا ئەمە جێگەی مەترسی نییە، وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە لەم شەڕەدا زۆرترین فەرماندەمان شەهید بووە، لەوانە چەندین فەرماندەی لیوا و ئامر فەوج و بە سەدان ئەفسەری پلەدارمان شەهید بوون، ڕاستە ئەمانە خەسارەتێکی گەورەن، بەڵام یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەو ئیمکاناتە کەمەی لە بەردەستی بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فەرماندەکانمان هاوشانی پێشمەرگە لە ڕیزی پێشەوەی شەڕەکان بوون. کاتێك جەنابی کاك مسعود بارزانی خۆی دەچێت سەرکردایەتی شەڕەکات، یان سەردانی میحوەرەکانی شەڕەکە دەکات و کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەی لیواکان و فەرماندە مەیدانییەکان دەکات

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی گەورەترین بەربەست لە بەردەمی تیرۆریستانی داعش دروست بکات و تێکیانبشکێنێت. بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کاتێک سەردانی وڵاتان دەکات ئەوا زیاتر ڕێز و تەقدیری پیشاندەدەن**

**پشتیوان بەخوا هێزی پێشمەرگە دەبێتە سوپای بەرگری لە کوردستانی سەربەخۆ و لە ئایندەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێتە سوپایەکی مۆدێرنی مەشق پێکراوی پڕچەک و لەو ئاستەدا دەبێت کە هەم بتوانێت بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، هەم ئاسایش و تەناهیش لە وڵاتەکە بپارێزێت**

**دەوڵەتدارانی تورکیا ئەسڵەن بڕوایان بە بوونی کورد نەبووە و بە کوردەکانی کوردستانی باکووریان دەگوت تورکەکانی چیا، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری گەورە دەبینین، ئەردۆگان دێت بۆ هەولێر بە ژێر ئاڵای کوردستاندا تێدەپەڕێ، هەروەها کاتێک جەنابی کاک مسعود بارزانی دەچێتە تورکیا لە کۆشکی کۆماری ئاڵای کوردستان دادەنرێت**

و سوپاسیان دەكات و دەستخۆشییان لێدەكات، و بە بەردەوامی لە بەرەكانی شەڕ ئاگای لە هێزی پێشمەرگەیە، بە تەئكید ئەمە رۆڵێكی گەورە و كاریگەر و گرنگی دەبێت و ورەیەكی گەورە بە پێشمەرگە دەبەخشێت، پێشمەرگە ئەگەر فەرماندەی خۆی خوش بوێت، هەم شەڕی باش دەكات و هەم سەركەوتنی گەورەش تۆمار دەكات. خۆشەویستی پێشمەرگەش بۆ فەرماندەكەی ئەوەیە، كە فەرماندە خۆی لە پێشمەرگە جیانەكاتەوە، لە باری واقیعیشدا ئەگەر ئێمە پلەداری هەیكەلی رێكخستنی هێزی پێشمەرگە بخەینە لاوە، ئەوا هەموومان پێشمەرگەین و لە یەك ئاستداین و یەك ئەركمان هەیە و هەموو بۆ یەك ئامانج گیانفیدایی دەكەین.

*** تاچەند هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە شەڕی دژی داعش، ئەزموونی زیاتر بووە. واتە ئەگەر بەراوردی هێزی پێشمەرگەی ئێستا و سەرەتای شەڕەكە بكەین هیچ جیاوازییەك هەست پێدەكەیت؟**

- ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هێزی پێشمەرگە لە سەرەتای شەڕی دژی داعش و ئێستا بكەین، دەبینین هێزی پێشمەرگەی ئێستا هێزێكی دیكەیە و هێزێكە وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە لە چەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی، لە سەرەتای ئەم شەڕەدا هێزێكی گەورەی ئێمە سەنگەرەكانی چۆڵ دەكرد، تەنیا لەبەر ئەوەی دەیانگوت پیكابێكی چەكدارانی داعش هات. بۆیە ئەوانەی پێشتر پێشمەرگە بوون كە ژمارەیان كەم بوو بە ناچاری دەمانەوە و قوربانییەكی زۆرمان دەدا، بەڵام ئەم شەڕە بووە هۆكاری ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە بێژەنگ بدرێت، پێشتر بە هۆی ئەو بارودۆخەی هەبووە زۆر كەس تەنیا بۆ ئەوەی سوودمەند بێت خۆی خزاندبووە ناو هێزی پێشمەرگە، بەڵام نەیانتوانی شەڕ بكەن و بەجێیان هێشت، لە سەرەتای ئەم شەڕە دڵنیا نەبووین ئەگەر شەو تیرۆریستانی داعش هێرش بكەن، وەزعمان چۆن دەبێت، بەڵام ئێستا من وەك فەرماندەیەك دڵنیام لە سەنگەرەكانی پێشمەرگە و دەزانم تیرۆریستانی داعش هێرشیش بكەن، تەنانەت ئەگەر سەنگەرێكیش بگرن، پێشمەرگە شەڕ دەكات و سەنگەرەكە كۆنترۆڵ دەكاتەوە.

*** ئەو فاكتەرانە چین كە ئەم هێزە نوعییەی پێشمەرگە زیاتر بەرەو پێشەوە بەرێت؟ ئایا خۆزگەی تۆ بۆ ئایندەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان چییە؟**

- خۆزگەی من ئەوەیە وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد هێزی پێشمەرگەی كوردستان ببێتە سوپایەكی مەشقپێكراوی پڕچەك كە لە ئاستی خۆزگەكانی خەڵكی كوردستاندا بوایە. ئەم سوپایە سیمای هیچ حزبێكی پێوە نەبوایە. وەك خۆم شانازی دەكەم پێشمەرگەی حزبێك بووم لە شاخ و ئێستاش ئەندامی ئەو حزبەم، شانازی بە خەبات و دەستكەوتەكانیشەوە دەكەم، لەبەر ئەوەی دەسكەوتەكانی ئێستا بەرهەمی خەباتی شاخە، شانازی دەكەم ئەمرۆ خاوەنی هەرێمی كوردستانین و پەرلەمان و حكومەتمان هەیە، بەڵام دەبێت راستگۆ بین، هێزی حزب هەڕەشەیە بۆ سەر ئەم دەستكەوتانە، هەڕەشەیە لە سەر ئاسایشی هەرێمی كوردستان. بۆیە تاسەر ئێسقان دژی هێزی حزبم، من لەگەڵ هێزی خەڵكی كوردستانم، هێزێك پێوەندی بەوەوە نەبێت چ گۆڕانكارییەكی سیاسی لە حكومەتدا دەبێت. ئەو هێزە پێویستە لە جێگەی خۆی بێت و پارێزگاری لە دەستكەوتەكان و كیانی كوردستان بكات. گەرەنتی بێت بۆ گێڕانەوەی ناوچە كوردستانییەكان بۆ سەر هەرێمی كوردستان، هەرچەندە ئێستاش ئەوە دەبینم كە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە یەكەی ٧٠ و ٨٠ و هێزەكانی دیكە لە رووی جوولەی سەربازییەوە بەڕێوەدەبرێن و وەزارەتی پێشمەرگە هەموو بەرەكانی شەڕ بەڕێوەدەبات، بەڵام هێشتا زۆری ماوە بگەینە ئەو هێزەی خەڵكی كوردستان و كەسوكاری شەهیدەكانمان دەیانەوێت.

*** وێڕای ئەمانەی باستكردن، بەڵام دیاردەیەكی دیكەش هەیە، لە كاتێكدا دایكانی كوردستان تەرمی رۆڵە شەهیدەكانیان بۆ دەچێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێك تا ئێستاش هەن سووكایەتی بە پێشمەرگە دەكەن و بە میلیشیا ناوی دەبەن، ئایا ئەمە چۆن سەیردەكەیت؟**

- لە یەكێك لە قۆناخەكاندا خۆمان سووكایەتی زۆرمان بە پێشمەرگە كردووە، پێشمەرگەمان كردبووە دەعبا لە بەر چاوی خەڵك، بەڵام ئەم شەڕانەی هێزی پێشمەرگە پیشانیدا پێشمەرگە كێ بووە و ئێستاش كێیە و لە داهاتوشدا چی دەبێت. ئەو كەسانەی بوختان بۆ هێزی پێشمەرگە دەكەن و دەیانەوێت لەكەداری بكەن، یان بە میلیشیا ناویان دەبەن نابێت رووی ئەوەیان هەبێت لە مەجلیسدا قسە بكەن، ئێستا هەموو جیهان بە پێشمەرگە سەرسامە، پێشمەرگە لەوە گەورەترە بە قسەی ئەو خەڵكانە لەكەدار بكرێت.

**ئەو خەڵكانەی ئێمە لە دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا بینیمان، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە تاكە هێزێك لەم ناوچەیە بتوانێت تیرۆریستانی داعش پاشەكشە پێبكات و تێكیان بشكێنێت، هێزی پێشمەرگەی كوردستانە**

**لە ئێستادا زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بە فەرمی داوەتنامە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەكان دەنێرن بۆ ئەوەی سەردانی ئەو وڵاتانە بكەن و سەبارەت بە پێداویستییەكانی پێشمەرگە وتووێژیان لەگەڵدا بكەن**



*** ئەگەر دوایین پرسیارمان لەسەر ئەو میحوەرە بێت کە خۆت سەرپەرشتی دەکەیت، دیارە ئەم میحوەرە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی بەریەککەوتنی تێدایە، زۆر جار ئاڵۆزی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی دروست دەبێت، ئایا تاچەند توانیوتانە بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن؟**


- ئێمە نامانەوێت لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی هیچ کێشەیەکمان هەبێت و وەك هەرێمی کوردستانیش پێمان خۆشە ئەو هێزە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەماهەنگ بن بۆ تیکشاندنی تیرۆریستانی داعش، لەبەر ئەوەی داعش دوژمنێکی گەورە و مەترسییەکی گەورەی هاوبەشە لەسەر هەردوولامان، بۆیە بۆ شکاندنی ئەم دوژمنە درِندەیە و ئەم مەترسییە هاوبەشە، پێویستمان بەوەیە هەموو هێزە عێراقییەکان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەماهەنگ بن، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە هێزەکانی حەشدی شەعبی هەندێك رەفتار دەکەن، رەفتاری ناشیرینن، زۆربەی ئەو کەسانەش کە ئەو رەفتارە ناشیرینانە دەکەن، خەڵکانی لۆکاڵی ناوچەکەن، وەك تورکمانە شیعەکانی خورماتوو، داقوق، قەرەتەپە، بەشیر، دیارە حەشدی شەعبی وەك بەرنامە، ئەو بەرنامەیەیان نییە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە دروست بکەن، بەڵام هەندێك لەو خەڵکە بەرِەڵایەی وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بۆ مەبەستی دزی و راو و رووت و رێگری ئەو کارە ناشیرینانە ئەنجام دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی درووستبوونی گرژی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی، لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبیشدا چەندین هێزی جۆراوجۆر هەن، وەك: (خوراسانی، بەدر، سەدر و چەندین تەیاری جیاجیای دیکە) بۆیە ئەوەی ئێمە لە تواناماندا بووە و لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرووی خۆمان لە هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، هەوڵمانداوە ئاسایشی ئەو ناوچانە بپارێزین و رێنماییەکان بەوجۆرە بوون کە رێگە نەدەین بە هیچ شێوەیەك لە نێوان ئێمە و هێزە عێراقییەکان بەتایبەتیش لەگەڵ حەشدی شەعبی لەو ناوچانە کێشە دروست بێت، بۆیە بە هیممەتی ئەو برادەرانەی لەو ناوچانە بەرپرس بوون، بەتایبەتی لە خورماتوو هەوڵدرا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە ئێمە و حەشدی شەعبی بریارمان داوە دوژمنی یەکتری نەبین، بۆیە هەر شەڕێك بکرێت، شەڕێکی بێ مانا دەبێت و زیانێکی گەورە بەر هەردوو لامان دەکەوێت.

لە سەردانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی بەلجیکا بە چەپڵەرێزان پێشوازی لە شاندی پێشمەرگە کرا

# پێشینەو میکانیزمی توندوتیژی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

## نموونەی ئەنسارولئیسلام و بزووتنەوەی گۆڕان

بەشی دووەم



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

دێمەوە سەر باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە لە ڕاستیدا نەوشیروان مستەفا دروستی کردبوو.

● **نەوشیروان مستەفا**

پڕۆژەی نەوشیروان مستەفا لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨، بریتی بوو لە هەژاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. دەیویست تەواوی حیزبەکە، لە دەستی جەلال تاڵەبانی دەربێنێت و بیانخاتە ناو بێژەنگی خۆی. ئینجا ژمارەیەك لەو ئەندامانەی کە نەوشیروان پێی وایە بە کەڵکی ئەم قۆناخە نایەن، بەلاوەیان بنێ یان دەریان بکات. چونکە دەیویست هەر خودی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکات بەو حیزبەی کە خۆی گەرەکی بوو. واتە حیزبێکی توند لە ڕووی فکریی، ناموستەقیرو بە پاز پازێن. واتە هەر ڕۆژە و فکرێك پێشنیار بکات. ئەو مۆدێلەی ئەو دەیەوێت، لە حەقیقەتدا هیچ ڕوانگەیەکی دیاریکراوی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات نییە. هەر ئەوەش وایکرد کە لە ماوەی شەش ساڵدا، کاتێك ئیدارەی سلێمانی و گەرمیان لە دەستی یەکێتیدا بوو، کە لە راستیدا نەوشیروان مستەفا بەڕێوەی دەبرد(مەبەستم لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨) هیچ پێشکەوتن و چاکسازی ڕووی نەدا. بەپێچەوانەوە زۆرترین جۆری مەحسوبیەتی شەخسی و مەنسوبیەتی حزبی و گەندەڵی ناو کارگێریی میریی ڕوویدا. لەم شەش ساڵەدا ئەگەر ڕوانگەیەکی ئیداری، فکری، سیاسی دیاریکراو لای نەوشیروان مستەفا هەبا، یەکێتی دەیتوانی ئەم ڕوانگەیە پەرە پێبدات و جێبەجێی بکات. بۆ ئەوەی سەرەنجام دەرکەوێ کە ئەلتەرناتیڤی نەوشیروان لەناو یەکێتیدا چییە، تا ئەو ئەلتەرناتیڤە بکرێتە گفتوگۆ و مۆدێلی مونافەسەکردن لەگەڵ پارتی و لایەنە عێراقییەکان. بەتایبەتی لەو کاتدا پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبی متمانەداری هەرێمی کوردستان، لە بەڕێوەبردنی عێراق بەشداربوون.

لە راستیدا تا ٢٠٠٨ هەموو توانایەکانی یەکێتی لە دەستی نەوشیرواندا بوون، بەتایبەتی بەڕێوەبردنی حکوومەت. لەو ماوەیەدا زۆرترین تۆوی گەندەڵی لەناو دامودەزگەکانی حکوومەتدا بڵاوبۆوە، زۆرترین شێوازی گەندەڵی ئیداری و مالیی دەستی پێکرد،

هەموو دەرهاوێشتەکانی گەندەڵی کە بریتییە لە مەحسوبییەتی سیاسی و مەنسوبییەتی خێزانی و لایەنگرییەتی حزبی و بابەتی پشتگیری بۆ ئەم و ئەو، هەموو ئەوانە لە ئیدارەی سلێمانی بە زۆر و روونترین شێوە دەبیندران. هەر ئەوەش وایکرد کە ئیدارەی سلێمانی و گەرمیان زۆرترین گرفتی ئیداری و مالیی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت.کە دوایی لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری دەرکەوت. لەو ساڵانەی کە هەرێمی کوردستان بودجەی تایبەتی خۆی لە عێراق وەردەگرت، نیوەی ئەم بودجەیە رژایە ناو ئەو ئیدارەیەی کە نەوشیروان سەرپەرشتی دەکرد، واتە لە ماوەی شەش ساڵدا نەوشیروان بە بودجە و دەسەڵاتێکی زۆرەوە نیوەی کوردستانی بەرێوە دەبرد.

ئەوەی لە ماوەی ئەو شەش ساڵەی، دەسەڵاتی نەوشیروان لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بە کردەوە بینەدرا بریتی بوو لە: بێ پرۆگرامی، بێ روانگەیی و بەهەدەردانی سامانی گشتی، لێدانی خەڵك، زۆربوونی تیرۆر، ناوابەستەیی و پێکەوەنەژیانی کۆمەڵایەتی، زۆربوونی فشاری دەروونی و گومانی خەڵك لە چارەنووسی خۆی، لەو ناوچەیەدا یەکجار زۆرتر بوو. ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کەرکووک و هەولێر و دهۆك.

هەندێك تایبەتمەندی لە تەبیعەتی کەسانی توندڕۆدا هەیە. کەسی توندڕۆ، هەندێکجار ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی هەیە، راشیدەگەیەنێت، دوایی لەگەڵ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی، بەپێی بەپێوەری ئەو ئایدیۆلۆژیایەی، باوەڕەکانی بە پێی فەرمانی سەرکردە، هەمیشە دەگۆڕدرێ. لەو پرۆسەیەدا، زۆر بە ئاسانی هاوکارەکان دەکەونە ژێر پەلامار و دەکوژرێن و دەردەکرێن، چین و توێژی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی زەرەر و زیانی زۆر دەکەن، بە گشتی خەڵك دەکەوێتە ناو پشێوی و سەرلێشێواوییەوە. ئەو حاڵەتە لە ماوەی ٧٥ ساڵ لە دەسەڵاتی کۆمۆنیزم لە وڵاتانی جیاجیای کۆمۆنیستیدا روویدا، بەتایبەتی لەناو کۆمۆنیستەکانی رۆژهەڵات. چونکە لە وڵاتانی رۆژهەڵات پلەی دیکتاتۆریی بەراورد ناکرێ لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی، وەکو کەمبۆدیا کە پۆلپۆت بەرێوەی دەبرد، ڤێتنام، یان یەمەن و سۆماڵ کە شیوعیەکان لە قۆناخێکی دیاریکراودا بە کودەتا هاتنە سەرکار و بەرێوەیان دەبرد. ئەو نمونانەی سەرەوە، سەرەتا ئایدیۆلۆژیای تایبەتی کۆمۆنیزمیان هەبوو، پاشان لە لایەن (ماو تسی تۆنگ) رێبەری چین، دەستکاری کراو شێوەیەکی تایبەتی توندڕەوانەی لێ دروست کرا. ئەو ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەی کە ماو دایهێنابوو، زۆربەی حزبە کۆمۆنیستەکانی رۆژهەڵات پەیرەویان لێدەکرد.

### ● ئایدیۆلۆژیا و شێوازی کارکردنی نەوشیروان مستەفا

نەوشیروان مستەفا تا ساڵی ١٩٨٨ سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو. ئەو هەڵگری ئەو بیروباوەڕەی ماویزم بووە لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ساڵی ١٩٨٨ لە کۆنفرانسێك کۆمەڵەی لێکهەڵوەشاند و دوای ئەوە رایگەیاند کە ئەو هیچ کاتێك بڕوای بە مارکسیزم(ماویزم) نەبووە. هەروەها لە پرۆژەی ریفۆرمی خۆی لە ٢٠٠٣ بە دواوە لە ناو یەکێتی، هیچ ئاسارێکی دیاریکراوی کۆمۆنیستی پێوە دیار نەبوو، بەڵام لە رووی کردەوەییەوە هەمان ئەو شێوازانەی بەکاردەهێنا کە توندڕۆکانی کۆمۆنیستی لە وڵاتانی تر بەکاریان دەهێنا.

کاردانەوەی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر پرۆژەی ناموستەقیری نەوشیروان مستەفا، لە ٢٠٠٣وە دەرکەوت. جموجۆڵی کۆمەڵایەتی لە ناوچەی سلێمانی رووی لەزۆری کرد. لەگەڵ بووژانەوەی ئابووری، توێژو چینی جیاجیا سەریان هەڵدەدا کە لە بازاڕدا دەوریان دەردەکەوت و پارە زۆربوو. خەڵك دەیتوانی فەرق و جیاوازی کۆمەڵایەتی ببینێت. لە پرۆسەی فەسادا لایەنگران و سەرکردەکانی حیزبی لە ناوچەی سلێمانی، بە شێوەی جیاجیا دەستیان بەسەر سامانی گشتیدا گرت. هەڵبەت ئەو دیاردەمان لە ناوچەی هەولێر و دهۆکیش بینیوە، لە کەرکووکیش هەبوو. بەڵام ئێمە نموونەی باسەکەمان بۆ تێگەیشتن لە توندڕەوی سیاسی لە ناوچەی سلێمانی هێناوەتەوە. حاڵەتی سلێمانی تایبەتمەندی کارگێڕیی و سیاسیی خۆی هەیە.

### ● بەکارهێنانی جیلی نوێی نارازی

گەنییی کارگێڕیی و بوونی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ماڵی، ئەو بێبەشییەی کەوا خەڵك لە نەتیجەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای گەیاندن دەیانتوانی لێی ئاگادار بن، گەنجانی وڵات زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی ئاگایان لە ژیانی دنیا هەبێت و زانیاری نوێیان پێ بگات، شێوازی ژیانی دنیا ببینن و بەراوردی بکەن لەگەڵ ژیانی خۆیان و هەوڵی بۆ بدەن. لەوەدا جموجۆڵی گەنجان لە ناوچەی سلێمانی یەکجار زۆر کرد.

لێرەدا دەمەوێ دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی دیموگرافیش باس بکەم، کە هاوکارێکی بەرێزم

**لە پرۆژەی ریفۆرمی خۆی لە ٢٠٠٣ بە دواوە لە ناو یەکێتی، هیچ ئاسارێکی دیاریکراوی کۆمۆنیستی پێوە دیار نەبوو، بەڵام لە رووی کردەوەییەوە هەمان ئەو شێوازانەی بەکاردەهێنا کە توندڕۆکانی کۆمۆنیستی لە وڵاتانی تر بەکاریان دەهێنا**

**نەوشیروان هاوکارەکانی، کە بە ئاشکرا خەڵکیان هاندەداو پەکیان بەوە نەدەکەوت لە راگەیاندندا رێگە بە کەسانی توندڕۆ و تورە بدەن قسە بکات و دیمەنەکان بگوازنەوە، بەشێوەیەکیش دەیانگوازییەوەو تەعریفیان دەکرد کە خەڵك زیاتر لەسەر توندوتیژیی هان بدات**

**ئەو شەش ساڵەی کە نەوشیروان سەرکردایەتی حکوومەتی بە کردەوە لە سلێمانی دەکرد، بواری نەدا ناوچە مەحرومەکانی وەك گەرمیان و هەڵەبجە بە باشی ئاوەدان بکرێنەوە، بایەخیان پێ بدرێ و پەروەردەیەکی باشیان بۆ دابین بکرێ. بۆ ئەوەی هەست بکەن کەمێک قەرەبووی ئەو فیداکاری و قوربانییە کراونەتەوە کە لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەریان کەوتووە**

**پرۆژەی نەوشیروان مستەفا لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨، بریتی بوو لە هەژاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. دەیویست تەواوی حیزبەکە، لە دەستی جەلال تاڵەبانی دەربێنێت و بیانخاتە ناو بێژەنگی خۆی. ئینجا ژمارەیەک لەو ئەندامانەی کە نەوشیروان پێی وایە بە کەڵکی ئەم قۆناخە نایەن، بەلاوەیان بنێ یان دەریان بکات**

(حوسێن کوردنەژاد) لە ٢٠٠٣وە خۆی پێوە ماندوو کردووە. ئەویش بە پێی باری دیمۆگرافی واتە (باری دانیشتووان و ئاستی تەمەنی جیلەکان لە ناوچەی سلێمانیدا)، لە ٢٠٠٠وە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ڕێژەی گەنجان لەو ناوچەیەدا یەکجار زۆرە. بۆیە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەنج لە هەر وڵاتێك و ناوچەیەك، ئەگەر پەروەردەو کاردۆزینەوەی باشی لەگەڵدا نەبێ، واتە حکوومەت باش ناوچەکە بەڕێوە نەبات، ئەوکات جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و نارەزایەتی و خۆپیشاندان دەست پێدەکات. هەروەها شێوەکانی دیکەی توندڕەوی و کۆچ بەرەو دەرەوەی وڵات لە کۆتاییدا زۆر دەبێت.

نەوشیروان مستەفا، ئەم جموجۆڵی گەنجانەی، لە ڕێگەی دامودەزگەکانی ڕاگەیاندنی خۆی، گرێیدان بە ڕوانگەکانی خۆی دەستی کرد بە هاندانیان. واتە لە لایەك ئیدارەی ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد، لە لایەکی دیکەوە هانی گەنجەکانی نارازی دەدا تا پەلاماری دامودەزگاکان بدەن. لەم شێوازەیدا دامودەزگای ڕاگەیاندن و دامودەزگەی تایبەتی خۆی بەکاردێنا. ئینجا تەعریفێکی تایبەتی خستە ناو ڕای گشتی، کە گوایە هەموو زانیاری و زانایی و ئەزموونی کۆمەڵایەتی لە لای گەنجان هەڵچنراوە، هەموو تواناییەکانی کارگێڕیی و سیاسی و فکریی لای گەنجن و دەبێت ڕێگە بە گەنج بدرێ وڵات بەڕێوەبەرێت. کەچی لە زانستی ئەم ڕۆژگارەدا بە هیچ شێوەیەك گەنج ئاوها تەعریف ناکرێ. گەنجان دەبێ پەروەردە بکرێن، کاریان بدرێتێ و داخلی سیستەمێکی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بکرێن

## ● بەکار هێنانی ڕاگەیاندن

لە نەتیجەی بەکارهێنانی جیلی نوێی نارازی، هەبوونی دامودەزگەی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنیش کە هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەرەوە نەبوو، نەوشیروان مستەفا توانی هەندێك سەرکردەی گەنج کە بەردەوام خۆپیشاندان و پەلاماردانیان دەوێ، دروست بکات. هەنگاوی یەکەمی بە پەلاماردانی بەنزینخانەکان و هەندێ فرۆشگای تازە کە لە ناوچەکە دروست دەکران، دەست پێکرد. ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکان نیشانیان دەدان و پاساویان بۆ ئاژاوەگێڕیی دەهێنایەوە. لەکاتێکدا یەکێتی دەکەوتە ئیحراجیەکی زۆرەوە. هەموویان دەیانزانی نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی ئەو پشێوییە دەکات و نەشیاندەتوانی ڕێگای بگرن. لە بیرمانە لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨ کاتێك کە پشێوی لە هەندێ ناوچە یان



لەناو شاری سلێمانی دروست دەبوو، ئەو بەشە لە سەرکردایەتی یەکێتی کەوا بە هێمنی بیریان دەکردەوەو سەر بە سەرۆکایەتی مام جەلال بوون، زۆر ئیحراج دەبوون و نەیاندەزانی چی بە خەڵك بڵێن، لە کاتێکدا ئاگایان لێبوو کە یەکێتی لەناوخۆیدا دابەش بووەو ئەو بار گرژییە ئەوانن دروستی دەکەن.

## ● بەکار هێنانی هاوکارەکانی

لەلایەکی دیکەوە نەوشیروان هاوکارەکانی، کە بە ئاشکرا خەڵکیان هاندەداو پەکیان بەوە نەدەکەوت لە ڕاگەیاندندا ڕێگە بە کەسانی توندڕۆ و توڕە بدەن قسە بکات و دیمەنەکان بگوازنەوە، بەشێوەیەکیش دەیانگوازییەوەو تەعریفیان دەکرد کە خەڵك زیاتر لەسەر توندوتیژیی هان بدات. سەرەنجام لە کەمتر لە دوو ساڵدا شێوازێکی نوێی توندوتیژی دروست بوو، کە لە ناوەڕۆکی فیکریدا جیاوازبوو لە توندوتیژی ئەنسارولئیسلامی حکوومەتی ئەلقاعیدەی ناوچەی هەورامان. ئەو شێوازە نوێیەی بەناو ریفۆرمەی نەوشیروان فەوزەویەت بوو، واتە هاندانی خەڵك بە بێ بەرنامە و بەبێ ئایدیۆلۆژیا بۆ تێکدانی سەرو

**ئەوەی لە ماوەی ئەو شەش ساڵەی، دەسەڵاتی نەوشیروان لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بە کردەوە بیندرا بریتی بوو لە: بێ پرۆگرامی، بێ ڕوانگەیی و بەهەدەردانی سامانی گشتی، لێدانی خەڵک، زۆربوونی تیرۆر، ناوابەستەیی و پێکەوەنەژیانی کۆمەڵایەتی**



سامانی ئەو کەسانەی کە داران و هەبوون. لەوەشدا سەرکردە سیاسییەکانی ناو یەکێتی، سەرکردەکانی پارتی تۆمەتبار بکرێن و پەلامار بدرێن بەوەی کەوا ئەوانن دزی لە سامانی وڵات دەکەن.

**● دروستکردن و قۆستنەوەی قەیرانی هەڵەبجە و گەرمیان**

لە نەبوونی حکوومەتێکی باش لە ناوچەی سلێمانیدا، نەکرا ئەو سامانەی دەستدەکەوێ، بە شێوەیەکی یەکسان لە هەموو ناوچەکانی سەر بە سلێمانی بەکار بێت. سەرباری هەبوونی کەموکوڕی لە هەموو شارەکانی کوردستان، مەبەست ئەوە نییە کە کەموکوڕی تەنیا لە ناوچەی سلێمانی هەبووبێ. بەڵام لە ئیدارەی سلێمانیدا ئەو کێماسییە زۆر بە ڕوونی دیاربوو. بۆ نموونە ئەو شەش ساڵەی کە نەوشیروان سەرکردایەتی حکوومەتی بە کردەوە لە سلێمانی دەکرد، بواری نەدا ناوچە مەحرومەکانی وەك گەرمیان و هەڵەبجە بە باشی ئاوەدان بکرێنەوە، بایەخیان پێ بدرێ و پەروەردەیەکی باشیان بۆ دابین بکرێ. بۆ ئەوەی هەست بکەن کەمێك قەرەبووی ئەو فیداکاری و قوربانییە کراونەتەوە کە لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەریان کەوتووە. بۆیە ئەم توڕەییە لە گەرمیان و هەڵەبجە ڕوویدا، چونکە ئەو جیاوازی و لەبیرکردنەیان دەبینی. لەوێشەوە نەوشیروان ئەم توڕەبوونانەی قۆستەوە و هەوڵیدا سەرکردەکانیان وەربگرێ یان سەرکردەی نوێیان بۆ دروست بکات، تا بیانخاتە ناو ئەو بزووتنەوەیەی کە ئەو دروستی دەکات. بزووتنەوەیەك کە قەبارەی دیار نییە، تەعریفی دیار نییە، تەنیا ئەوەندەیە کە شیعارەکانی بریتییە لەوەی: هەموو کەس خراپە، هەموو سیستەمێك خراپە، هەموو کەس گەندەڵەو هەموو شتێك دەبێ بڕوخێندرێ، کەس پاك نییە تەنیا کاك نەوشیروان نەبێ!

ئەمە شیعاری بێ شکڵ و بێ ناوو بێ قەبارەکەی نەوشیروان بوو کە لەناو یەکێتیدا دروستی کرد. ئامانجیشی لە بڵاوکردنەوەی فایلەکان لەناو یەکێتیدا، ڕێخۆشکردن بوو بۆ سەرهەڵدانی شەخسیەتی کاریزماتیکی خۆی و سەرەنجام پاڵ بە جەلال تاڵەبانیشەوە بنێ.

**ئەو شێوازە نوێیە بەناو ریفۆرمەی نەوشیروان فەوزەویەت بوو، واتە هاندانی خەڵک بە بێ بەرنامە و بەبێ ئایدیۆلۆژیا بۆ تێکدانی سەرو سامانی ئەو کەسانەی کە داران و هەبوون. لەوەشدا سەرکردە سیاسییەکانی ناو یەکێتی، سەرکردەکانی پارتی تۆمەتبار بکرێن و پەلامار بدرێن بەوەی کەوا ئەوانن دزی لە سامانی وڵات دەکەن**



# سیاسەت و رەفتارەکانی نووری مالیکی عێراقی گەیاندە دۆخێکی نەخوازراو و گەڕاندیەوە بۆ خاڵی سفر




هیچ ڕۆژێك تێناپەڕێت لەسەر ئەوەی بە بەردەوامی دەیان چاودێر و سیاسەتمەدار و بەرپرسان سەبارەت بە سیاسەت و ڕەفتارە چەوتەكانی نووری مالیكی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق قسە نەكەن، چونكە هۆكاری سەرەكی بووە لە پشت نانەوەی ئاژاوە و بێسەروبەری و بە هەدەردانی سامانی گشتی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە ناو دامودەزگاكانی عێراق، ئەمە سەرباری دروستبوونی قەیرانی زۆر و ململانێی نێوان لایەنەكان، تەنانەت دۆخەكە بەوە گەیشت كە پێوەندییە دەرەكییەكانی عێراق بە وڵاتانی ترەوە بشێوێت، مالیكی بێ ئەوەی گوێبدات بە گیانی فرەیی و پێكەوەژیان، دوژمنایەتی بەرانبەر بە ئایینزا و نەتەوەكانی تری هێنایەئاراوە و سەرپێچی یاسایی بەرانبەر دەكردن.

**● خیانەتی مالیكی لە دامەزرێنەرانی عێراقی تازە پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو**

نووری مالیكی بە نزیكبوونەوە و هاوكاری كورد لە هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ جاری دووەم بە سەرۆك وەزیرانی عێراق دانرایەوە، چونكە باش دەیزانی كە بە بێ كورد ئەستەمە داخوازی سەرۆك وەزیرانی بۆ بچێتەسەر، پاش ئەوەی لە هەولێر ڕێككەوتننامەیەك لە نێوان لایەنەكان واژۆ كرا، ئەویش بە ئامادەبوونی بەڕێزان مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، جەلال تاڵەبانی سەرۆكی كۆماری عێراق و موقتەدا سەدر سەرۆكی ڕەوتی سەدر و هەردوو سەركردەی سوننە

**عێراق لە سەختترین قۆناغیدایە و هیچ ئومێدێك بۆ باشتربوونی دۆخەكەی دیار نییە**

**شیعە بە سڕینەوەی ناسنامەی نیشتمانییەوە سەرقاڵە**

**کاتێک جەنگی ناوخۆیی لە نێوان شیعە و سوننە بەرپا بوو، مالیکی زیاتر پیلانی دادەڕشت بۆ دوژمنایەتی نەیارانی و دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانیان و بەمەش عێراقی خستە ناو قەیران و هەڵدێرانی زیاترەوە و بەڵێنەکانی بەجێنەهێناو کەوتە زۆربلێی و بە تەوسەوە پێکەنین بە گەلی داماوی عێراق**

**مالیکی کە خۆی بە ڕابەرێکی شیعەکان دەزانی، متمانەو بڕوای لە نێوان ئایین و ئایینزاکان لەق کرد و شیعەی کردە سەردارانی عێراق و لە ماوەی هەشت ساڵی حوکمدارییەکەیدا وڵاتیشی لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە دارمان**

مەزهەب تاریق هاشمی و ئوسامە نجێفی و خودی نووری مالیکیش، لە کۆبوونەوەکەدا چەندین برگە خرانەڕوو، یەکێکیان هەڵبژاردنەوەی نووری مالیکی بوو بۆ سەرۆك وەزیران، هەروەها برگەیەکی تر لە ڕێککەوتنامەکە بریتی بوو لە کارکردن بە پێی دەستوور و کارکردن و پشتگیریکردن لە فرەیی و دیموکراسی و بەشداریکردنی سیاسی بۆ هەموو توێژ و پێکهاتە و مەزهەبەکانی گەلی عێراقی، بەڵام مالیکی پاش چەند مانگێکی کەم لە وەرگرتنی پۆستەکەی بەپێچەوانەوە بە هیچ کام لە بەڵێنەکانی پابەند نەبوو، دژ بەو هاوبەشە سیاسییانەی جووڵایەوە کە هاوکاری بوون لە دانانەوەی لەو پۆستەدا و هیچ یەکێك لەو خاڵانەشی جێبەجێ نەکرد کە لەسەری ڕێککەوتبوون، بەتایبەتیش هەستا بە دژایەتی کورد و سوننە و بایەخی بەوە دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان نەیار لە ناو شیعەدا دروست بکات، دەرئەنجام ئەمەش بە خیانەتێك دادەنرێت بۆ دەستوور و گەلی عێراق بە گشتی.

### ● سیاسەتە هەموجۆرەکانی مالیکی

پاش شکستی مالیکی لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانی عێراق لە چوار ساڵی یەکەمدا، بەتایبەتی کاتێك جەنگی ناوخۆیی لە نێوان شیعە و سوننە بەرپا بوو، مالیکی زیاتر پیلانی دادەڕشت بۆ دوژمنایەتی نەیارانی و دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانیان و بەمەش عێراقی خستە ناو قەیران و هەڵدێرانی زیاترەوە و بەڵێنەکانی بەجێنەهێناو کەوتە زۆربلێی و بە تەوسەوە پێکەنین بە گەلی داماوی عێراق، سەرەتا کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە بۆ بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە مافێکی دەستووری ڕەوای گەلی کوردە لە عێراقدا، بەر لە جێهێشتنی حوکمڕانییەکەشی هەستا بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی تایبەت دژ بە پارێزگای کەرکووك و هاوکات هەوڵی دا بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵی بەرپرسانی دڵسۆزی ئەو شارە، تۆمەتێکی زۆری بۆ کورد هەڵچنی بە گومانی فرۆشتنی نەوتەوە، لە هەمووشی سامناکتر ڕۆڵی سوننەی خستەژێر پێ و لە هەموو مافەکانی ڕەتاندن، ئەمەش بووە هۆی دروست بوون و هاتنەپێشەوەی ژمارەیەکی زۆر لە توندڕەوو کارئاسانی کردن بۆ هاتنی تیرۆریستان لە هەموو دنیاوە بۆ ناو عێراق، هەر بەوەندەشەوە نەوەستا، بەڵکو سیاسەتە ئەمنییەکەی بە شێوەیەك شکستخواردوو بوو تا بە یەکجاری تیرۆریستانی داعش ڕووبکەنە عێراق و ناوچەیەکی زۆریان لە عێراق دابڕی، وێڕای ئەمەش سەدان دۆسیەی گەندەڵی لە ناو دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان ئاشکرا بوون، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕێژەیەکی زۆری کوژراو و قوربانییان لە عێراق تۆمار کرد لە ئەنجامی شکستی سیاسەتەکانی مالیکی ژمارەی قوربانییان بەرزتر بوونەوە.

مالیکی کە خۆی بە ڕابەرێکی شیعەکان دەزانی، متمانەو بڕوای لە نێوان ئایین و ئایینزاکان لەق کرد و شیعەی کردە سەردارانی عێراق و لە ماوەی هەشت ساڵی حوکمدارییەکەیدا وڵاتیشی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دارمان، بە شێوەیەك هاووڵاتیان هیچ هەستیان بە گۆڕانکارییەکی ئابووری تەندروست نەکرد لەو ماویەدا، ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و ژینگە بە شێوەیەکی خراپ داهێزراو، ژمارەی بێوەژنانی عێراق بەرزبوونەوە بۆ زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو وێڕای بێکاری کە بە پێی ئامارە نافەرمییەکان گەیشتە ٢٩٪، ڕەوشەکە بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو لە ڕووی خزمەتگوزارییەشەوە بە ملیۆنەها منداڵ هەتیوکەوتن و شار و شارۆچکەکان بێ ئاو و ئاوەڕۆ مانەوە، لە کاتێکدا بە ملیارەها دۆلار لە گەنجینەی دەوڵەت بە فیڕۆ دەچوو، نەخۆشی و دەرد و بەڵاش زیاتر عێراقی دەتەنییەوەو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کوشتن و ڕفاندن و دزی و جیابوونەوەی هاوسەران زیاتر بوو، وێڕای بازرگانیکردن بە مادده بێهۆشکەرەکان لە پارێزگاکانی باشووردا.

### ● چاودێرانی سیاسی چۆن لە سیاسەتەکانی مالیکی دەڕوانن

چاودێران حەسەن ڕاشیدی کە توێژەرە و سامر ئەمین کە مامۆستای زانکۆیە و ناسر عەبدولکەریم کە سیاسەتمەدارەو عەلی کازم کە چاودێری سیاسی بوو، بە گۆڤاری گوڵانیان ڕاگەیاند کە بە درێژایی ئەو هەشت ساڵەی حوکمڕانیی مالیکی سیاسەتەکانی ئەو سەرۆك وەزیرانە لای کەس شاراوە نەبوو کە جگە لە دزی و ساختەکاری و گرێبەستی ژێربەژێری نەبێت، هیچی تری لێ شین نەبۆتەوە، بەڵام چاودێران ترسیان لە دوو شت هەبوو، یەکەمیان تێوەگلانی دادگا لە گەندەڵییەوە لەگەڵ مالیکی، کە بە نایاسایی پشتیوانییان لێدەکرد، دووەمیان ئەوە بوو کە شیعە نەیتوانی ئیدارەی گەلی عێراق بکات وەك چۆن شیعەی ئێران دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵاتی کۆنترۆڵ کرد.



عەلی کازم کە شیعە مەزهەبێکی عەلمانییە وای بۆ دەچێت کە بیرکردنەوەی شیعی لە بەڕێوەبردنی حوکمی عێراق بە تەواوی لە دیدی هاووڵاتیبوونەوە دوورە، بەڵکو دیدگایەکی پەتییانەی مەزهەبییانەی تەواوە، مەبەستیش لەمە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی شیعە مەزهەبە لە ژێر ناوی کۆماری عێراق، حەسەن ڕاشیدی توێژەری ئەکادیمی پێیوایە مەرامێکی تایبەتییان هەیە، ئەویش سەپاندنی ئایینزایی و تایەفەگەرییە لە نێو نیشتماندا، هەرچەندە دەوڵەتی دیکە قایل نابن عێراق بەو مەرامەی بگات، چونکە ئێمە لە وڵاتێکداین شیعە حوکمڕانی دەکات و ڕێژەیەکی زۆری گەندەڵی و سەرپێچی کردنی مافەکان لەئارادایەو خەڵکانێکیش دەسکەوت و پۆست و پایە لەسەر حیسابی کەسانی تر بەدەست دەهێنن. هەندێ چاودێر لەو بڕوایەدان کە شیعە توانایەکی لاوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان هەیە، بەڵکو توانایان بە شێوەیەکە کە ڕووبەڕووی شکست بوونەتەوە و هیچ میتۆدێکی ڕوونی سیاسەتێکی عەقڵانی لە خۆ ناگرن، ئەمە وێڕای نەبوونی گیانی لێبووردەیی و بەشداری پێکردن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و هاوکات بڕواشی بە ناسنامەی نیشتمانی نییە و تەنیا ئامانجەکەی دروستکردنی ناسنامەیەکی مەزهەبی تایەفەگەرییە، چاودێرانیش دەڵێن مالیکی بەشێکە لەو بیرکردنەوە تایەفەگەرە، وێڕای ئەوەی ڕێچکەی تایبەتی خۆی لە گەندەڵی و تێوەگلان هەبووە، لە نانەوەی کاولکاری و وێرانکاری لە وڵاتدا درێغی نەکردووە چونکە ئەو توانیویەتی دەست بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا بگرێت و ئایینیان تێکەڵ بکات، ئەمەش لە سیاسەتی لایەنگیری خۆیدا بۆ شیعە بقۆزێتەوە، ناشکرێت ئەوە لە یاد بکرێت کە هەر لە سەرەتای جڵەوگیریی دەسەڵاتەوە دەستی بەسەر هەموو جومگەکاندا گرت لەوانەش دادگا، بەمەش عێراقی سەدساڵ بۆ دواوە گەڕاندەوە و خستیە ناو لیستی دەوڵەتانی شکستخواردووەوە، لە پاش خۆیشی هێشتا ئەم سیاسەتەی مالیکی هەر وەك خۆی ماوەتەوە و سیاسەتی هەڕەمەکی بەردەوامە و هیچ ترووسکاییەکیش لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت تا ڕەوشی عێراق باشتر بێت و ترسەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ وەك خۆیان ماونەتەوە.


IRAN
IRAQ
JORDAN

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان
## بەرداشی دەستێوەردانی دەرەکی و ململانێ ناوچەییەکاندا

# چیدیکە دواخستنی دەوڵەتی کوردستان لە بەرژەوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا نییە






**دەوڵەتە دراوسێ گرنگەکانیش وەک سعودیە و تورکیا بە ڕێوڕەسمی شایستە پێشوازی لە سەرۆک بارزانی دەکەن، چونکە دەزانن کلیلی بەشێک لە چارەسەری کێشەکانی ئەم ناوچەیە و دووبارە ڕێکخستنەوە و داڕشتنەوەی ئایندەی ئەم ناوچەیە بە چەشنێک کە ئاسۆی گەشەکردن و سەقامگیری بە رووداو بکاتەوە لە دەستی هەرێمی کوردستاندایە**

بەر لەوەی ئاماژە بە هیچ تەنگژە و قەیرانێك بکەین کە بەرۆکی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتبێت، ئەوا دەکرێت بڵێین دەردی ئەم ناوچەیە لەوەدا بووە کە تەنانەت سنووری دەوڵەتەکانیشی بە ئیرادە و ویستی گەلانی ناوچەکە نەبووە، واتە بەرئەنجامی ڕێککەوتن نەبووە و راستییەکانی سەر ئەرزی واقیعی تێدا رەچاو نەکراوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، لە لایەن فەرەنسا و بەریتانیاوە سەپێنران، کەواتە دەبێت سەرەتا ئەو راستییەمان لە بەرچاو بێت کە گەلانی ئەم ناوچەیە هیچ رۆڵ و نەخشێکیان لە دروستکردن و داڕشتنی سنووری دەوڵەتەکانییان نەبووە، ئەمەش ئاکام و دەرهاویشتەی درێژخایەنی خۆی هەبووە و ئەم ناوچەیەی مەحکوومی کۆمەڵێك دەردەسەری و ناهەمواری کردۆتەوە کە رۆژگارێکی دوور و درێژە بە دەستیەوە دەناڵێنێت. ئەگەر بێین لە دۆخی ئەم ناوچەیە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بڕوانین، ئەوا ئەو واقیعە بەدی دەکەین کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتە گۆڕەپانی گەمەی هێزە براوەکانی ئەم جەنگە جیهانییە و گەلانی ئەم ناوچەیە جڵەوی چارەنووسی خۆیان لە دەستی خۆیاندا نەبووە و هەمیشە لە لایەن ئەو هێزە سەرکەوتووانەوە، بەتایبەتی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران- بەکارهێنراون بۆ برەودان بە قەڵەمڕەوی نفوزی خۆیان و پارسەنگدانەوەی لاسەنگییەکان و ئیحتیواکردن و سنووردارکردن و بەرهەڵستیکردنی دەستڕۆیشتوویی رکابەرەکانیان. هەروەها ئەمە ناوچەیە بەردەوام کەوتۆتە بەر نەشتەری دەستێوەردانە سەربازییە دەرەکییەکان کە دەرئەنجامی ئەم دەستێوەردانە سەربازیانەش لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکە بووە، چونکە لەم وڵاتانەدا دامەزراوەکان بنیات نەنراون تاوەکو لە سەروەختی روخاندنی دەسەڵاتدارەکاندا بتوانن درێژە بە ئەرکەکانیان بدەن و رێگە لە هەرەسهێنانی ئاسایش و ئارامی و داڕوخانی پرۆسەی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان بگرن، واتە لەم وڵاتانەدا دەوڵەت تەنها قاوغێکی بەتاڵ بووە و بە زەبر و زەنگ و داپڵۆسین ئەو قاوغە بەتاڵەی پڕکردۆتەوە.

«ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بە دووبارە دارشتنەوەیەکی جیوپۆلەتیکی قووڵدا تێدەپەڕن. لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، ناوچەکە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، حاڵی حازر ئاگری ناکۆکیی توندوتیژ لە سووریا و عێراق و یەمەن و لیبیا-دا کڵپەی سەندووە و خەریکە لە لوبنان نزیک دەبێتەوە و لەسەر لێواری هەڵگیرسانەوەی دوژمنکارییەکی نوێیە. ئەم بارودۆخە سەری کێشاوە بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی بیرکردنەوەی جیوپۆلەتیکی لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی. هەموو کات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاڵوگۆڕی جیوپۆلەتیکی بۆتەهۆی هێنانەدی هاوکاری، بەڵام لە هەمانکاتدا ململانێی دەسەڵاتیان لە نێوان هێزە ناوچەیی و هێزە جیهانییەکان و لە نێوان دەوڵەت و کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکاندا هێناوەتەئاراوە. تۆڕێکی ئاڵۆزی پێوەندی گۆڕاو سەریانەهەڵداوە کە تێیدا داینامیکیەتی پێکداچوو و هەندی جار دژ بەیەک باڵادەست دەبن. حاڵی حازر چەند ڕەوتێکی جیوپۆلەتیکی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەڕێژنەوە، لە نێویاندا، دووبارە ریزبەندی نێوان کاراکتەرە دەستڕۆیشتووەکان، لەرزۆکیی دەوڵەت، بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی کاراکتەرە توندوتیژە غەیرە دەوڵەتییەکان، سەرهەڵدانەوەی توندی رکابەری نێوان ئێران و سعودیە، هەروەها کاریگەری سیاسی شێوازە گۆڕاوەکانی ڕەوتە بازرگانییە جیهانییەکان.

لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم سیاسەتی ڕۆژئاوا ئامانجی ئەوە بوو بەها دیموکراتییەکان لەو ناوچەیە بەهێز بکات، بەڵام بەپێچەوانەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بری ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییە جیوپۆلەتیکییەکانی ڕۆژئاوا بکات، دووچاری پێکدادان دەبوو لەگەڵیاندا. لە ئێستادا، ململانێی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی لە جیهانی عەرەبیدا زیاتر و زیاتر بەسەر خواستەکانی بە دیموکراتیکردندا زاڵ دەبێت.»

- نووسینی: کریستینا کاوش
- سەرچاوە: کتێبی جیوپۆلەتیک و دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



کێشەیەکی دیکەی ئەم ناوچەیە ئەوەیە گیرۆدەی دەستی ململانێ ناوچەییەکان بۆتەوە، کە دەکرێت ناوی بنرێت بە شەڕی وەکالەت یان شەڕی ساردی نێوان دەوڵەتە خاوەن سەنگ و قورساییەکان ناوچەکە، وەك ئێران و سعودیە و تورکیا، کە هەمیشە تموحی بەرەوپێشبردنی باڵدەستی و جێگیرکردنی هەژموونی خۆیان لە نێو دەوڵەتانی دیکەدا هەبووە و لەم ڕووەشەوە سەرچاوە و تواناکانی خۆیان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە تەرخان کردووە. واتە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئاراستەی ئایندەی وڵاتانی ناوچەکە بە ئاقارێکدا ببەن کە لە کۆتاییدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان بکات، یان ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەیەك دابڕێژنەوە کە مایەی چەسپاندنی پایەکانی باڵادەستی و هەڵکشانی هێز و هەژمونگەرایی ئەوان بێت. ئەمە بەتایبەتی بۆ هەندێ وڵاتی وەك عێراق و سووریا و لیبیا و یەمەن تەواو ڕاست و دروستە، کە ئەم وڵاتانە بوونەتە ڕووتەختی شەترەنجێك بۆ دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان و ململانێی هێز و دەسەڵاتی نێوان هێزە ناوچەییەکان، بە چەشنێك ئەم وڵاتانە لەوە بێتواناتر و پەککەوتەترن کە خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆیان بن و جڵەوی بارودۆخەکەی خۆیان بگرنەوە دەست و فەرمانڕەوایی خۆیان بەسەر وڵاتەکانیان بچەسپێنن. لەم کاتەدا کە ڕۆژهەڵاتی بە ساتەوەختێکی چارەنووسسازەدا تێدەپەڕێت و ناوچەکە لەم دووڕیانەدایە، ئەوا ئایندە بە ڕووی هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە و ڕەنگە هیچ کەسێکیش بوێری ئەوە نەکات کە دەست ببات بۆ پێشبینیکردنی پاشەڕۆژی ناوچەکە، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیاین ئەوەیە کە جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی رابردوو، واتە و ئەو هەل و مەرجەی بوونی هەبوو، ئێستا لە ئارادا نەماوە و نەك دەبێت نەخشەی سیاسی و سەربازی و پرسی حوکمڕانی و دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و داهات و شێوازی فەرمانڕەوایی لەم وڵاتانەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵکو دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سنوورەکانیش بۆتە پێویستییەك بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە ناهەموارە

**لەسەر نەخشەی ئەم دەوڵەتە خراپ و فاشیلانەدا بەردەوام دەرهاویشتەی خراپ و مەترسیداری لێ بەرهەم هاتووە. لە دەرئەنجامی ئەم شکستەشدا بۆشاییەک دروست بووە، کە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتیەکان هەوڵی پڕکردنەوەی دەدرێت**

**وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتە گۆڕەپانی گەمەی هێزە براوەکانی ئەم جەنگە جیهانییە و گەلانی ئەم ناوچەیە جڵەوی چارەنووسی خۆیان لە دەستی خۆیاندا نەبووە و هەمیشە لە لایەن ئەو هێزە سەرکەوتووانەوە، بەتایبەتی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران- بەکارهێنراون بۆ برەودان بە قەڵەمڕەوی نفوزی خۆیان و پارسەنگدانەوەی لاسەنگییەکان و ئیحتیواکردن و سنووردادکردن و بەرهەڵستیکردنی دەسترۆیشتوویی ڕکابەرەکانیان**

و بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری هۆکارەکانی ئەو ناسەقامگیرییە قووڵ و ئەو نائارامییەی کوشندەیەی ڕووبەڕووی ئەم ناوچەیە بۆتەوە. هەمو ئەمانە ئەوە هەڵدەگرێت کە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت و تاتوێکردنیان بۆتە زەروورەتێك لە ئێستادا.

**● لاوازیی دەوڵەتانی ناوچەکە، یان بەهێزیی ململانێکارەکان**

ناکرێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکرێت کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی بونیادی هەیکەلی دەوڵەتیان هەیە، واتە هەر لە بنەڕەتەوە بونیادی ئەم دەوڵەتانە خوڵقێنەری قەیران و تەنگژە بوون. ئەم دەوڵەتانە نەك هەر ئەدایەکی باشی حوکمڕانییان نەبووە و لە جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکییەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو لەبەرامبەر زەوتکردنی ئازادییەکانی هاووڵاتییان و لە پای گەشەپێدانی وڵاتەکە، تەنیا بەڵێنی بەتاڵ و شکستیان کردۆتە چارەنووسی سەرجەم خەون و ئاواتەکانی گەلەکانیان. لەبەر ئەوە خەڵکی لەم وڵاتانەدا هەموو شتێکی بەخشی بوو، لەبەرامبەردا هیچ شتێکیشی وەرنەگرتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم دەوڵەتانە لە پرسی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتدا ئەدایەکی ئەوپەڕی خراپیان هەبووە و هەمیشە سەرچاوە و وزە و گوڕ و تینی گەلانی ئەم ناوچەیەش کراونەتە سووتەمەنی بڵێسەسەندنی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی دەرەکی، لەبری ئەوەی بۆ بنیادنانەوەی وڵاتەکە و بۆ سەرپێخستنی پرۆسەیەکی سیاسیی تەندروست بوویێت. ئەم دەوڵەتانە لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری کێشەی بونیادی و قووڵ بوون.

لەسەر نەخشەی ئەم دەوڵەتە خراپ و فاشیلانەدا بەردەوام دەرهاویشتەی خراپ و مەترسیداری لێ بەرهەم هاتووە. لە دەرئەنجامی ئەم شکستەشدا بۆشاییەك دروست بووە، کە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکان هەوڵی پڕکردنەوەی دەدرێت، کە زۆرجار ئەمانە دەبنە هۆی خەستکردنەوەی قوڕەکە و دژوارترکردنی بارودۆخەکە و قووڵکردنەوەی کێشەکان و درێژەپێدانی ناکۆکییەکان، لەم چوارچێوەیەدا بازنەیەکی بەتاڵ دروست دەبێت کە شکاندنی ئەو بازنەیە و دەربازبوون لەم گێژاوەییە، دەبێتە تەحەددییەکی زۆر دژوار کە ڕەنگە بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژ تاڵاوی شکست بکات بە قوڕگی گەلانی ناوچەکەدا. کەواتە ئەگەر ئێستا ئەو قاوغە بەتاڵەی دەوڵەتانی ناوچەکە شکێنرابێت، ئەوا جارێکی دیکە گرووپگەلێکی توندڕەو و تیرۆریستی وەك داعش، هەروەها پشێوی و ئاژاوە و شەڕە ناوخۆییەکان و شەڕی بەوەکالەت و دەستوەردانە دەرەکییەکان، ئەوەندەی دیکە بوونەتە هۆی تێکشکاندنی و داماڵینی خەسڵەتەکانی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا.

**● ناکۆکییە ناوچەییەکان**
**ڕکابەری تائیفەگەرییە، یان ململانێی هێز؟**

هەمیشە هەردوو دەوڵەتی ئێران و سعودیە، جێ پەنجەی کاریگەری گەورە و گرنگیان لە سەرهەڵدانی هەر هاوکێشە و هاوسەنگییەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە. ئەم دوو دەوڵەتە هەر یەکەیان خاوەنی سەنگ و قورسایی خۆیانن و هەر یەکەیان هەڵکشانی هەژموونی باڵادەستی ئەوی دیکەیان بە هەڕەشە و مەترسی و تەحەددی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لێکدەداتەوە. ڕاستە تا ئێستا ئێران و سعودیە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر نەبوونەتەوە و شەڕ هەڵنەگیرساوە لە نێوانیاندا، بەڵام درێخیان نەکردووە لە خستنەگەڕی سەرجەم توانا و سەرچاوەکانیان بۆ بەرپێگرتن و لە قاڵبدانی هێز و دەسترۆیشتویی یەکتر، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین کە ئەم ململانێیە کاریگەری گەورە هەبووە لەسەر ڕەنگڕێژکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان و داڕشتنەوەی دۆخی ناوخۆی هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکەدا. کەواتە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا شەڕێکی سارد بەڕێوەدەچێت. کە بۆ تێگەیشتن لەو بارودۆخەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت ناکرێت ئەم شەڕە نادیدە بگیرێت، بگرە ئەم شەڕە دەبێتە بناغە و بنچینەیەك بۆ شرۆڤەکردن و پەیبردن بەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن. هەروەك پرۆفیسۆر گریگۆری گۆس توێژەری باڵا لە ئامۆژگای بڕۆکینگز لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی «دوورتر لە تائیفەگەری، شەڕی ساردی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، دەڵێت: «باشترین چوارچێوە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتە ئاڵۆز و توندوتیژەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لەو شەڕە ساردەی لە نێوان گەمەکارە ناوچەییەکاندا لەئارادایە، هەروەها لە نێوان دەوڵەتان و کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکاندایە، کە تێیدا ئێران و عەرەبستانی سعودیە ڕۆڵی پێشەنگییان هەیە. ئەمە شەڕێکی ساردە لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ئێران و سعودیە ڕووبەڕووی یەکتر نەبوونەتەوە و زەحمەتیشە لە ڕووی سەربازییەوە ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، ململانێی و ڕکابەری ئەو هێزانە لە پێناوی بەدەستهێنانی دەسترۆیشتویی خۆیان لەناوچەکە، کاریگەری هەیە لەسەر سیستمە سیاسییە ناوخۆییەکان لەسەر دەوڵەتە لاوازەکانی ناوچەکەدا. ئەمە ململانێیە لەسەر دیاریکردنی ئاڕاستەی سیاسەتی ناوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك ململانێیەکی سەربازی. هەربۆیە سەنگی سەربازی و سیاسی لایەنەکانی

**جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی ڕابردوو، واتە و ئەو هەل و مەرجەی بوونی هەبوو، ئێستا لە ئارادا نەماوە و نەک دەبێت نەخشەی سیاسی و سەربازی و پرسی حوکمڕانی و دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و داهات و شێوازی فەرمانڕەوایی لەم وڵاتانەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵکو دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی سنوورەکانیش بۆتە پێویستییەک بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە ناهەموارە و بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری هۆکارەکانی ئەو ناسەقامگیرییە قووڵ و ئەو نائارامییەی کوشندەیەی ڕووبەڕووی ئەم ناوچەیە بۆتەوە**

شەڕە ناوخۆییەکان، هەروەها ئەو کاریگەرییەی هێزە دەرەکییەکان دەتوانن هەیانبێت لەسەر ئەو سەنگ و قورساییە، زۆر گرنگترە لە هاوسەنگیی هێز لە نێوان ریاز و تاراندا.»

بەڵام زۆرجار ئەم ململانێیە رەنگ و رواڵەتێکی تائیفەگەری پێدەدرێت، یاخود دەوترێت ئەمە پتر رەگ و ریشەی ناکۆکی نێوان سوننە و شیعەیە. بەڵام پرسیارە راستەقینەکەیە ئەوەیە ئایا ئەم دوو دەوڵەتە ریشەی تائیفەگەری بەکارناهێنن بۆ برەودان بە هەژموون و هێزی خۆیان؟ یان ئەو پرسەیان نەکردووە بە یەکێك لە رەگەز و توخمەکانی برەودان بە باڵادەستیی خۆیان؟ سەبارەت بەم پرسە گریگۆری گۆس لەو توێژینەوەیەدا باس لەوە دەکات کە «شەڕی ساردی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەگەزێکی تائیفەگەری گرنگی هەیە، بەڵام تێگەیشتنێکی وردمان بۆ دەستەبەر نابێت، ئەگەر تەنها وەك شەڕی سوننە دژ بە شیعە لێکبدرێتەوە. ئەمە گەمەی هاوسەنگی هێزە. دەکرێت تەنیا ئەو کاتە لێی تێبگەین کە بتوانین رایەڵی نێوان ناکۆکییە تائیفەگەرییەکان و هاوسۆزییە نێودەوڵەتییەکان و تمووحی دەوڵەتە ناوچەییەکان، لێك گرێبدەینەوە. ململانێ ناوخۆییەکان لە پێناوی دەسەڵاتدا سەریانکێشاوە بۆ ئەوەی کاراکتەرە مەحەلیەکان پەنا بۆ هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان ببەن، کە دەتوانن چەك و دارایی و پاڵپشتی ئایدیۆلۆژی و پشتیوانی دیپلۆماتییان بۆ دابین بکەن».

هەر دەرەنجامی ئەو سیاسەتەی تاران و ریاز-ـە وایکردووە، بە دوای ئەو هاوپەیمانە ناوچەییانەدا بگەڕێن، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەمان هەڵویستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆیانیان هەیە، واتە هەست بە نزیکییەکی ئایدیۆلۆژی و شوناس لەگەڵیاندا دەکەن.

**● داکشانی دەستڕۆیشوویی ئەمەریکا و دەستێوەردانی سەربازی رووسیا لە ناوچەکەدا**

تەوەری ئەو وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕەی بەسەر سیاسەتی ئیدارەی ئەمەریکادا هات لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لە لایەن باراك ئۆباما، ئەوە بوو کە چیدیکە ناکرێت لە رێی دەستێوەردانی سەربازییەوە کار لەسەر دووبارە دارشتنەوەی رەوتی رووداوەکانی ناوچەکە بکرێت و رەنگرێژی ئایندەی ئەم وڵاتانە دیاری بکرێت، لەبەر ئەوەی لە دیدی ئیدارەی ئۆباما-دا ئەو هەوڵانەی پێشتر بە رێگەی دەستێوەردانی سەربازی دراون، هەموویان کۆمەڵە هەوڵێکی بێهوودەی و شکستخواردوون و لە هەمانکاتدا بارگرانییەکی زۆری خستۆتە سەرشانی ئەمەریکا و ئامانجەکانی خۆیشی نەپێکاوە و بگرە دەرئەنجامی پێچەوانەشی لێکەوتۆتەوە.

یاخود چیتر رای گشتی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئەمەریکا دەستێوەردانی سەربازی لەو ناوچەیەدا بکات و قەبارەی دەستکەوتەکانیش هێندەی ئەو باجە نەبێت کە ئەمەریکا لە سەربازەکانی و لە خەزێنەی وڵاتەکەی دەیدات. بە هەرحاڵ ئێستا ئەوە بۆتە واقیعێك و ئەو تێڕوانینە گەلاڵە بووە کە ئەمەریکا ئاستی پابەندبوونەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا کەم کردۆتەوە، لە دەرئەنجامیشدا دۆست و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ئەمەریکا ئەو هەستەیان لا دروست بووە کە ناکرێت وەك هاوپەیمانێکی خاوەن میسداقییەت و جێی متمانە لە ئەمەریکا بڕوانرێت. هەر لە بەر ئەوەشە کە وڵاتێکی وەك سعودیە خۆی دەستپێشخەری دەکات و هاوپەیمانێتی بە سەرکردایەتی خۆی پێکدەهێنێت و هەوڵدەدات خۆی جڵەوی کاروبارە ئەمنییەکانی ناوچەکە بگرێتەدەست و چیتر چاوەڕوانی دەستی ئەمەریکا نەبێت کە پێشتری ئەمەریکا وەك هێزێکی سەقامگیرکەر و پارێزەری هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەمەش لەو هاوپەیمانێتییەدا بەرجەستە بوو کە بۆ بەرپەرچدانەوەی حوسییەکانی یەمەن و راگرتنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا پێکهێنرا و لەم رۆژانەشدا سعودیە بە بەشداری ٣٤ دەوڵەتی ئیسلامی جارێکی دیکە جڵەوی سەرکردایەتی هاوپەیمانێتییەکی دیکەی بە ناوی هاوپەیمانی ئیسلامی گرتەوە دەست، کە وەك خۆیان رایانگەیاند ئامانجی لەم هاوپەیمانییە دژایەتیکردنی تیرۆرە بە گشتی، نەك تەنیا داعش.

لە راستیدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەندێ لە توێژەرانی وەك «ستیڤن سیمۆن و جۆناسان ستیڤنسۆن» لە توێژینەوەیەکیاندا بە ناوونیشانی The end of pax-American لەگەڵ ئەوەدان پێویست ناکات ئەم پاشەکشە سنووردارەی ئەمەریکا پێچەوانە بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت بەردەوام بێت، بە لای کەمەوە تا ئەو کاتەی هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا دێتەئاراوە، چونکە ئەوان پێیانوایە پاڵنەری سەرەکی ئەم پاشەکشەیەی ئەمەریکا ئەوە نییە لە واشنتۆن روودەدات، بەڵکو ئەوەیە کە لە ناوچەکەدا روودەدات، چونکە پەرەسەندنە سیاسی و ئابوورییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بواری دەستێوەردانی کارای ئەمەریکایان بەچەشنێك کەم کردۆتەوە کە چیتر پێویست بەوە نەکات پەنای بۆ ببەن، سیاسەتدارێژەرانی ئەمەریکاش درکیان بەمە کردووە و لەسەر ئەم بنەمایەش هەڵسوکەوتیان کردووە.

بەڵام ئەم پاشەکشەیەی ئەمەریکا چەند دەرئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە لەم ناوچەیەدا. یەکەمیان لەبەر ئەوەی

**ناکرێت نکۆڵی لەو راستییە بکرێت کە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی بونیادی هەیکەلی دەوڵەتیان هەیە، واتە هەر لە بنەڕەتەوە بونیادی ئەم دەوڵەتانە خوڵقێنەری قەیران و تەنگژە بوون. ئەم دەوڵەتانە نەک هەر ئەدایەکی باشی حوکمڕانییان نەبووە و لە جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکییەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو لەبەرامبەر زەوتکردنی ئازادییەکانی هاووڵاتیانیان و لە پای گەشەپێدانی وڵاتەکە، تەنیا بەڵێنی بەتاڵ و شکستیان کردۆتە چارەنووسی سەرجەم خەون و ئاواتەکانی گەلەکانیان**

**ئەگەر ئێستا ئەو قاوغە بەتاڵەی دەوڵەتانی ناوچەکە شکێنرابێت، ئەوا جارێکی دیکە گرووپگەلێکی توندڕەو و تیرۆریستی وەک داعش، هەروەها پشێوی و ئاژاوە و شەڕە ناوخۆییەکان و شەڕی بەوەکالەت و دەستوەردانە دەرەکییەکان، ئەوەندەی دیکە بوونەتە هۆی تێکشکاندنی و داماڵینی خەسڵەتەکانی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا**

**هەمیشە هەردوو دەوڵەتی ئێران و سعودیە، جێ پەنجەی کاریگەری گەورە و گرنگیان لە سەرهەڵدانی هەر هاوکێشە و هاوسەنگییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە. ئەم دوو دەوڵەتە هەر یەکەیان خاوەنی سەنگ و قورسایی خۆیانن و هەر یەکەیان هەڵکشانی هەژموونی باڵادەستی ئەوی دیکەیان بە هەڕەشە و مەترسی و تەحەددی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لێکدەداتەوە**

**ڕاستە تا ئێستا ئێران و سعودیە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر نەبوونەتەوە و شەڕ هەڵنەگیرساوە لە نێوانیاندا، بەڵام درێخیان نەکردووە لە خستنەگەڕی سەرجەم توانا و سەرچاوەکانیان بۆ بەرپێگرتن و لە قاڵبدانی هێز و دەستڕۆیشتویی یەکتر**

**ململانێ ناوخۆییەکان لە پێناوی دەسەڵاتدا سەریانکێشاوە بۆ ئەوەی کاراکتەرە مەحەلیەکان پەنا بۆ هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان ببەن، کە دەتوانن چەک و دارایی و پاڵپشتی ئایدیۆلۆژی و پشتیوانی دیپلۆماتییان بۆ دابین بکەن**

پێشتر ئەمەریکا سەنگ و قورسایی و دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا هەر پاشەکەشەیەکی ئەو وڵاتە بۆشایی بە دوای خۆیدا جێدەهێڵێت، لە هەمان کاتدا هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئەمە بێ متمانەیی بەرامبەر بە ئەمەریکای لێکەوتەوە لە لایەن دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاوە.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ڕووسیا توانیویەتی زۆر بە باشی ئەم دۆخە بقۆزێتەوە بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم ناوچەیەدا. بەتایبەتی لە دوای دەستێوەردانی سەربازی لە وڵاتی سووریادا. بە چەشنێك هەروەك دانگێلا ستێنت، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی Putins power play in Syria دەڵێت: ڕەنگە یەکەم دەستکەوتی ڕووسیا لە دەستێوەردانی سووریادا ئەوە بێت کە دۆخێکی دروستکرد کە کێشە و ناسەقامگیرییەکانی ئۆکرانیا لە بیر بباتەوە. هەڵگرتنی ئەم هەنگاوەی ڕووسیا بۆ ناردنی ئەم پەیامەیە کە چیتر ڕووسیا تەنیا هێزێکی ناوچەیی نییە، بەڵکو هێزێکی گەمەکارە و دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ناکرێت ڕۆڵی ئەو نادیدە بگیرێت لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە و ئاڵۆزییەکانەوە. هەروەها باوەڕی وایە کە بڕیارەکەی پۆتین بۆ دەستێوەردانی سەربازی ریشەی لە تمووحەکانی ڕووسیاوە بۆ هێز و باڵادەستی سەرچاوەی گرتووە و بەشێکە لە هەنگاوی بەرفراوانتری ڕووسیا بۆ بەدەستهێنانەوەی دەستڕۆیشتوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم هەنگاوەی ڕووسیاش وەڵامدانەوەی هەبووە، هەر بۆیە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٥دا، سەرکردەکانی میسر و ئیسرائیل و ئەردەن و کوەیت و سعودیە و ئیمارات سەردانی مۆسکۆیان کردووە و هەندێکیان ڕێککەوتنیان بۆ کڕینی چەکی ڕووسی واژۆ کرد. لە مانگی تەممووزیشدا سعودیە بەڵێنیدا کە بە قەبارەی ١٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە ڕووسیادا بکات، بەتایبەتی لە پرۆژە کشتوکاڵییەکاندا، کە ئەگەر جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێتە گەورەترین سەرمایەگوزاری دەرەکی لە ڕووسیادا، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان دەخاتە بەرچاو کە دەستێوەردانی ڕووسیا ڕێساکانی گەمەکەی گۆڕیوە، بە ڕادەیەك شارەزایان پێیانوایە ئێستا ئەمەریکا پێویستی بەوەیە دووبارە پێداچوونەوە بە سیاسەت و ستراتیژیەتەکانیدا بکاتەوە و سەرلەنوێ پێناسەی بەرژەوەندییەکانی بکاتەوە. کەواتە حاڵی حازر سووریا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەت و شەڕی ناوخۆیی و تائیفەگەری و ململانێی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، لەوانەیە هەموو ئەمانەش ئاو بکەن بە ئاشی گرووپێکی تیرۆریستی و دڕندە و توندڕەوی وەك داعشدا. چونکە ئەگەر لە ئێستادا بەشار ئەسەد بووبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆریستان و داینەمۆی دروستکردنی توندڕەوەکان، ئەوا ڕووسیا لەگەڵیدا ئێران، سەرسەختانە پێداگیری لەسەر مانەوەی ئەسەد دەکەن، ئەمەش هەلومەرجەکەی بردۆتە دۆخێکی چەقبەستوی زیاترەوە و ئەمەریکاش نە هاوکاری ڕووسیا دەکات و نە بەرهەڵستیشی دەکات.

لە لایەکی دیکەوە هەروەك شیکەرەوە و شارەزایان دەڵێن، ئەمەریکا نە دەتوانێت چارەسەرێکی سیاسی بسەپێنێت لە سووریادا کە دابەشکردنی دەسەڵاتی لێبکەوێتەوە بە چەشنێك کە سەرجەم لایەنە سیاسییە پێوەندیدارەکان پێی ڕازی بن، نە دەیەوێت هێزی چەکداری بەکار بهێنێت بۆ تێکشکاندنی داعش لە ناوچەکەدا. لە هەمان کاتدا هەروەك جۆشوا لاندیز- کە توێژەر و شارەزای کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە- دەڵێت، ئەمەریکا کەوتۆتە دژیەکییەکی سەیرەوە، چونکە لە عێراقدا سەرقاڵی بنیادنانی ڕژێمێکی شیعەیە- کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێت- بۆ تێکشکاندنی داعش، لە هەمان کاتدا دەیەوێت ڕژێمە شیعەکەی سوریا- کە بە هەمان شێوە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت- بە ناوی تێکشکاندنی داعشەوە لە ناو ببات.

**● کوردستان وەك پانتاییەکی گەش لەو پشێوییەی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە**

هەموو ئەو چاودێر و شرۆڤەکارانەی بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، باس لەوە دەکەن کە ئەمە ساتەوەختی کوردە لە مێژووی ناوچەکەدا. یاخود پرسیاری ئەوە دەکرێت: ئایا ئێستا سەروەختی ئەوە نییە بۆ دواجار گوڵی بەهاری کورد بپشکوێت؟ یان بۆچی ئێستا ساتەوەختی ئازادی کوردە؟ هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەن کە جیهان و ناوچەکەش تینووی مۆدێلێکی کاران و پەرۆشن چیرۆکێکی سەرکەوتن لەم ناوچە پڕ لە شکستەدا ببینن. چونکە ناسەقامگیری و ناکارایی و نائارامی بۆتە دەردی گران و درێژخایەنی ئەم ناوچەیە، ئەوا گرنگە پانتاییەکی گەش لەو کەشە تاریکەدا بەدی بکرێت. ئەوەی وای کردووە کوردستان ببێتە جێی بایەخ ئەوەیە کە توانیویەتی لە شەڕی تیرۆریستان و لە بەرەنگاربوونەوەی گەورەترین و بەهێزترین و دڕندەترین گرووپی تیرۆریستیدا ئەدایەکی جێی سەرسوڕمانی هەبێت. ئەمەش واتە کوردستان نەك هەر بتوانێت سەقامگیری ناوخۆیی دەستەبەر بکات، بەڵکو لێی ڕادەبینرێت هۆکارێك بێت بۆ بەرەوپێشبردنی



سەقامگیری لە ناوچەکەشدا، لە هەمان کاتدا سەرەڕای سەختیە داراییەکان و ئابڵوقەی ئابووری حکومەتی عێراقیش لەسەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەرکە مرۆییەکانی خۆی هەڵساوە و داڵدەی سەدان هەزار پەنابەر و ئاوارەی داوە و ئاسایش و ئارامی بۆ دەستەبەر کردوون. لە هەمان کاتدا توانیویەتی لەسەر ئاستی پێوەندییەکانی بە دەوڵەتە دراوسێکانەوە و جیهانی دەرەوەش سەرکەوتوو بێت. هەموو ئەمانە وایان کردووە کە کوردستان رۆڵ و کاریگەری هەبێت لە ناوچەکەدا و لە ئەگەری دارِشتنەوەی ئەندازە و نەخشەی ناوچەکەشدا، - ئەمە شتێکی حەتمییە و جارێکی دیکە دۆخەکە وەك پێشووی لێنایەتەوە- کورد گەمەکارێکی خاوەن سەنگ بێت. وڵاتە گەورەکان و هەروەها دەوڵەتە دراوسێکانیش درکیان بەمە کردووە، بۆ نموونە ئێستا خەریکە ئەو کۆدەنگییە لە ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمەریکا دروست دەبێت کە چیتر بەرپێگرتن و دواخستنی پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا لە بەرژەوەندی ناوچەکە و جیهان نییە، بەڵکو ئەمە خزمەت بە سەقامگیری و ئارامی ناوچەکەش دەکات و بگرە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش بەرەوپێش دەبات و پێیانوایە چیتر ناکرێت لە سیاسەتدا رەنگدانەوەی ئەم واقیعە نوێیە نەبن. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتە دراوسێ گرنگەکانیش وەك سعودیە و تورکیا بە رێورِەسمی شایستە پێشوازی لە سەرۆك بارزانی دەکەن، چونکە دەزانن کلیلی بەشێك لە چارەسەری کێشەکانی ئەم ناوچەیە و دووبارە رێکخستنەوە و دارِشتنەوەی ئایندەی ئەم ناوچەیە بە چەشنێك کە ئاسۆی گەشەکردن و سەقامگیری بە رووادا بکاتەوە لە دەستی هەرێمی کوردستاندایە. رەتکردنەوەی ئەم راستییە و نادیدەگرتنیشی تەنیا دەبێتەمایەی درێژکردنەوەی ئێش و ئازار و نەهامەتی و شکستەکان لەم ناوچەیەدا.

**ئەمەریکا کەوتۆتە دژیەکییەکی سەیرەوە، چونکە لە عێراقدا سەرقاڵی بنیادنانی رژێمێکی شیعەیە- کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێت- بۆ تێکشکاندنی داعش، لە هەمان کاتدا دەیەوێت رژێمە شیعەکەی سوریا- کە بە هەمان شێوە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت- بە ناوی تێکشکاندنی داعشەوە لە ناو ببات**




**پرۆفیسۆر دۆگۆ ئەرگیل** شارەزا لە کاروباری تورکیا بۆ گوڵان:

# هەرێمی کوردستان و سەرۆک مەسعود بارزانی بەشدارییەکی ڕاستگۆیانەیان لە درووستکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا هەبووە

**دۆگۆ ئەرگیل، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری دیراساتی پەرەپێدان لە زانکۆی نیویۆرک، چەندین توێژینەوەی هەیە لە بارەی بڵاوکردنەوەی کەلتووری دیموکراسی و ئاشتەوایی و بە دامەزراوەییکردنی دیموکراسی و کێشەی کورد و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا بۆ شیکردنەوەی ئەو بارودۆخ و پەرەسەندنانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆنەتەئاراوە لە پێوەندی بە شەڕی داعش و پەرەپێدانی هاوکاری نێوان کوردستان و تورکیا و گرنگیی سەردانەکانی سەرۆك بارزانی بۆ هەر یەکە لە وڵاتانی سعودیە و تورکیا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی خۆی کرد.**

*** شەڕی داعش گەیشتووەتە ئاقارێك کە هەموو کەسێك گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی تەنیا یەك ئەگەر ماوەتەوە، ئەویش تێکشکان و لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەیە، هەرلەبەر ئەمەش کاراکتەرە هەرێمایەتییە سەرەکییەکانی وەك تورکیا و ئێران و سعودیە بارودۆخەکەیان بە جددی وەرگرتووە، لەلایەکی دیکەوە کوردستان کە دەوڵەت نییە، بووەتە یاریزانی سەرەکی لەم شەڕەدا، بۆیە چۆن گرنگیی ڕۆڵی کوردستان دەبینی بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە و یەکلایکەرەوە ئەم شەڕە کۆتایی پێبهێنێت؟**

- بژاردەی یەکەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داعشدا بریتییە لە ڕازیکردنی ئەوانەی لایەنگری داعشن، تا وایان لێبکرێت کە تێبگەن پێویست نییە لەو گرووپە سیاسییە ئایینییەدا بن، بەڵام بانگەشەی داعش جیهانییە بۆ هەموو ئەو موسڵمانانەی باوەڕیان وایە کە تێکشکێندراون و سووك کراون و، هەستدەکەن لەلایەن ڕۆژئاوا و شارستانیەتی ڕۆژئاواوە دەوریان گیراوە، بۆیە داعش بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتی ئەو موسڵمانانە دەکات کە چەوسێندراوەتەوە و ڕێگەیان لێگیراوە گەشە بکەن لەلایەن ڕۆژئاواوە، کەواتە بانگەشەکەیان تەنیا بۆ موسڵمانان نییە، بەڵکو بۆ ئایینی ئیسلامیشە، هەرلەبەر ئەمەشە لاوانی موسڵمان بەتایبەتی بە داعشەوە دەلکێن، یان دەبنە ئەندام، یان لایەنگری داعش لە بەر ئەوەی هەستدەکەن وەك موسڵمان لەلایەن ڕۆژئاواوە تێکشکێندراون، کەواتە ئێستا چی بکەن؟ یان ئەوەتا دەبێت لەگەڵ ڕۆژئاوا و شارستانیەتی ڕۆژئاوادا کێبڕکێ بکەن لە ڕێی زانست و تەکنەلۆژیا و یاسا و ڕێکخراوی سیاسی و .. تاد، کە لەمەیاندا دەزانن ناتوانن لەگەڵ ڕۆژئاوادا کێبڕکێ بکەن، بۆیە تێکشکاندنی ڕۆژئاوا و شارستانیەتی ڕۆژئاوا هەڵدەبژێرن و بانگەشە دەکەن بۆ هەموو موسڵمانان کە پێویستە پێوەندی بکەن بەو وێرانکردنەوە، بۆیە ئەمە شەڕی نێوان شارستانیەتەکانە، کەواتە بژاردەی تێکشکانی داعش، لەجیاتی دوورخستنەوەی خەڵك کە دەبنە ئەندامی داعش، وەك تەنیا بژاردە هەڵبژێردراوە. سەبارەت بە تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی داعشدایە، داعش بانگەشەی ئەو ناوچەیە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حوکمی دەکات، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە داعش بپارێزرێت، سەبارەت بە تورکیاش، هەرچەندە لەلایەن حکومەتێکی ئیسلامی میانڕەوەوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام وەك (دار الحرب) سەیردەکرێت لەلایەن داعشەوە، بۆیە تورکیا بەشی لاوەکییە و بەداخەوە داعش شانەی نووستوی لە تورکیادا هەیە لەبەرئەوەی تا ئێستا وەك ئایینێك کە جیاوازییان هەیە سەیرکراوە، کە هەمان پەیامی هەیە بۆ هەموو موسڵمانان، بەڵام داعش ئەوەی سەلماندووە کە ئەمە ڕاست نییە لەبەر ئەوەی ڕاڤەی توندڕەوانەی ئیسلام، ئیسلامی بە سیاسی کردووە و درزێکی لەناو موسڵماناندا درووست کردووە، بەم واتایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبێت بە توندی بوەستنەوە و هاوپەیمان بن لە شەڕی دژی داعشدا، بەڵام داعش تەنیا ڕێکخراوێکی پارامیلیتاری و سیاسی نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکە کە ڕۆژئاوا و هەرشتێك کە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبێت، لە ناویشیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا، وەك دوژمن سەیردەکات و پێیوایە دەبێت لەناوببرێن. ئەم توندڕەوییەش ناتواندرێت تەنیا بە شێوەی سەربازی تێکبشکێندرێت.

*** پاش سەرکەوتنەکانی شنگال، دەرکەوت هێزەکانی پێشمەرگە تەنیا هێزی زەمینی کاریگەرن کەدەتوانن تیرۆریزم تێکبشکێنن، هەرلەبەر ئەمەش لە کاتی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ سعودیە، بینیمان حکومەتی سعودیە بە بەرزی ڕۆڵی کوردستانی لەم شەڕەدا نرخاند، تا چەند هاتنە پێشەوەی سعودیە لە**

**ئێران دەیەوێت دەسەڵاتی لە قەوقاس و ناوەڕاستی ئاسیا و کەنداو و تا دەریای ناوەڕاست پیادەبکات. دەیەوێت ئەمە بە دوو شێوە بکات، هەم لەڕێی سەربازی و هەم لەڕێی ئایینەوە، بۆیە هێڵی شیعە لە ئێران دەستیپێکرد بۆ لوبنان و بۆ سعودیە کە بەشێکی شیعەن، ئێران دەیەوێت ئەم هێڵە ئایینییە کارا بکات و هەرێم بۆ تاران درووستبکات**

**بەغدا تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی بۆچوونی تارانە و ناتوانێت سەربەخۆیانە کار بکات**

**کۆتاییهاتن بەم شەڕەدا کاریگەری دەبێت ؟**

- پێویستمان بە ڕاستگۆیی و سیاسەتێکی ئاشکرایە بۆ شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریزمدا، جا چ پێوەندی هەبێت بە ئایینی ئیسلامەوە، یان نا، بۆیە ئەوانەی ئێستا دەردەکەوێت دژی داعشن، لەبەر ئەوەی دژی حکومەتەکانیانە، وا نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر پاڵپشتی ئیسلامییە توندڕەوەکانیان کردووە کە لە بەرژەوەندی خۆیان بووە، بەڵام ئێستا ڕێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامی کە لە دژیان کار دەکات، وەك دوژمنیان ڕادەگەیەنن، پێویستە لەمەدا مەبدەئی بن. دەبێت واز لەو بیرۆکەیە بێنن کە دەڵێت: تیرۆریستی تۆ وەکیلی منە و تیرۆریستی من مەترسیدارە بۆ من، ئەمە شێوازێکی باش نییە، بۆیە ئەمڕۆ حکومەتی سعودیە دژی داعشە، بەڵام پێشتر پاڵپشتی میلیشیا ئیسلامییەکانی تری کردووە، بۆیە دەبێت ڕاستگۆبین لەمەدا، ئەگەر تیرۆریزم وەك هەڕەشەیەك بۆ مرۆڤایەتی دەبینی، ئیتر گرنگ نییە چ ناوێك، یان چ ئایینێکیان هەیە، دەبێت ڕەتبکرێنەوە. بەدڵنیاییەوە حکومەتی سعودیە، ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەیان بەرزنرخاندووە لەبەر ئەوەی شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن، ئەگەر سعودیە ڕاستگۆیە لەمەدا، ئەوا هەروەك یەمەن پێویستە یارمەتی سەربازی بنێرێت، بۆ شەڕ لە دژی داعش.

*** چۆن هاوکارییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ ڕۆژەکانی پاش داعش دەبینی؟**

- ئەم هاوکارییە پێویستە بۆ ئاسایشی هەردوو وڵات، هەروەها بۆ لایەنی ئابووریش. تا ئێستا هاوکارییەکان باش ڕۆیشتوون و گەشەیان پێدراوە، ئەم گەشەپێدانەش نابێت هەر هاوبەشی ئابووری بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت هاوبەشی ئەمنیش بگرێتەوە، هەروەها سیاسەتێکی دەرەکی هاوبەش کە قازانج بە هەردوو حکومەت بگەیەنێت لە ئێستا و داهاتوودا.

*** لەپاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی شەش و بێتوانایی پارتی ئەکەپە بۆ بردنەوەی زۆرینە، تورکیا چووە ناو چەرخێکی نوێ لە ناسەقامگیرییەوە، بەڵام پاش هەڵبژاردنەکانی مانگی یانزدە، ئەکەپە زۆرینەی بەدەستهێنایەوە و لە ئێستادا تورکیا پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ پرۆسەی ئاشتی دەستپێبکاتەوە. تاچەند سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی بنیادنەرانە و باشی لەم ڕووەوە گێڕاوە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەی مەسعود بارزانی بەشدارییەکی ڕاستگۆیانەیان هەبووە لە دروستکردنی پرۆسەی ئاشتیدا لە تورکیا بە پیشاندانی ئەو کوردانەی کە پاڵپشتی تیرۆریزم ناکەن، وەك ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی، لەم ڕووەوە بەڕێز بارزانی خۆی چارەسەری داوە بە کوردانی تورکیا کە چارەسەرێکی ئاشتییانەیان دەوێت، کە دەیانەوێت لە ناو سیستەمی تورکیادا بن و ببنە هاونیشتمانی مەدەنی و یەکسان.

*** پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق وەك ئاشتییەکی سارد وایە، بەتایبەتی پاش ئەوەی شارەزا سەربازییەکانی تورکیا هاتنە ناو عێراقەوە، لە ئەنجامدا هەندێك لە پارێزگەکانی عێراق بڕیاریاندا کە بایکۆتی بەرهەمەکانی تورکیا بکەن، ئەمەش واتە تورکیا کەسی لە عێراقدا بۆ نەماوەتەوە، بێجگە لە هەرێمی کوردستان، تا چەند ئەمە پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرەوپێش دەبات و بەهێزی دەکات؟**

- کێ دژی بوونی سەربازانی تورکیایە لە عێراق؟ ئەوە بەغدایە، نەك هەولێر، بەڵام لەودیو بەغداوە تاران هەیە، ئەمە لایەنێکە، هەروەها رووسیاش هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە بەغدا بەو شێوە توندە کاری کرد لە بەر ئەوەی ئەو دوو هێزە نایانەوێت تورکیا لە عێراقدا بێت. بەڵام هێزێکی زۆر هەیە کە سەروەری عێراقی پێشێلکردووە، کەواتە بۆ ئەوەندە دژی داعش نین و ئەوەندە دژی تورکیان، بەتەواوی ئەمە دژ بەیەکە. تورکیا لەوێیە بۆ دابینکردنی ئەمنییەت بۆ ڕاهێنەرانی. ئەگەر مووسڵ ڕزگار بکرێت، بەدڵنیاییەوە تورکیا سەروەری پێشێل ناکات، بەڵام بە یارمەتی هێزە عێراقییەکان، شیعە و سوننە و کورد و عەرەب و ...تاد، بۆ گرتنەوەی ئەوەی کە لەدەستیان داوە، وەك دەبینین تائێستا داعش لەوێیە و دەسەڵاتی بەغدا ئەوەندە نییە بتوانێت خۆی لە داعش ڕزگاربکات، کەچی دژی تورکیا نارەزایی دەردەبڕن، ئەمەش کاردانەوەیەکی واقیعی نییە و ئەم کاردانەوەیە لەلایەن تاران و رووسیاوە پاڵپشتیکراوە و لەبەرئەمەشە بەشێوەیەکی ناعاقڵانە کار دەکەن.

*** بەم دواییانە هاوپەیمانییەکی دژەتیرۆر بە سەرکردایەتی سعودیە درووستکرا، بۆچی سعودیە دەیەوێت هاوپەیمانێك دروست بکات جیاواز لەوەی ئەمریکا و جیاوازییان چییە؟**

- ئەوەندی من بزانم ئەو هاوپەیمانییەی سعودیە دەستپێشخەرییەکە لە ناوەوەی جیهانی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی ئەو تیرۆرەی دەکرێت لە ژێر ناوی ئیسلامدا دەکرێت، سعودیەش کە وەك شوێنێکی پیرۆز

**ئەو وانەیە کە دەبێت هەمیشە لەیادمان بێت. ئەوەیە دوژمنی دوژمنەکەم هەمووکاتێک هاوڕێم نییە، دەشتوانێت لە دژم بوەستێتەوە. بۆیە ئەوەی دەبێت بکرێت ئەوەیە کە تیرۆریزم لەناوببرێت وەک ڕێگەیەکی سیاسەت درووستکردن و دەبێت پاڵپشتی ئاشتییانەی سیاسەت درووستکردن بکەین**

**هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامی هەرچەندە تیرۆریزمی داعش سەرکۆنە دەکەن، بەڵام پاڵپشتی گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانی دیکە دەکەن، بۆیە بەبێ ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی، بەدڵنیاییەوە هاوپەیمانییان لە دژی تیرۆر سەرناگرێت**

**دەسەڵاتی بەغدا ئەوەندە نییە بتوانێت خۆی لە داعش ڕزگاربکات، کەچی دژی تورکیا نارەزایی دەردەبڕن، ئەمەش کاردانەوەیەکی واقیعی نییە و ئەم کاردانەوەیە لەلایەن تاران و رووسیاوە پاڵپشتیکراوە و لەبەرئەمەشە بەشێوەیەکی ناعاقڵانە کار دەکەن**

سەیردەكرێت هەستدەكات بەرپرسیاریەتی هەیە و دەبێت شتێك لە دژی ئەمە بڵێت، بەڵام سعودیەش توندوتیژی بڵاودەكاتەوە بە سەربڕین و دەستبڕینی خەڵكی، بۆ ئەوەی نموونەیی بێت، واتە دەستپێشخەرییەكە باشە، بەڵام بەس نییە بۆ بە شەرعیكردنی توندوتیژی و دژەتوندوتیژی، دەبێت یاسایەكی دەستووری دانێیت كە لەگەڵ تێگەیشتن لە حوكمی یاسادا هاوئاهەنگ بێت، بۆیە هیچ زیانێك نییە لە كۆبوونەوەی هاوپەیمانییەكی ئیسلامی، بەڵام شتێكی گەورەتر پێویستە، بۆیە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەكە كاریگەرە لە دژی ئیسلامییە توندڕەوەكان.

*** پێشبینیت چییە بۆ كاریگەربوونی ئەم هاوپەیمانییە؟ ئایا دەتوانێت كاریگەر و باش بێت بۆ بەرەنگاربوونەی نەك هەر تەنیا داعش، بەڵكو هەر گرووپێكی تیرۆریستی دیكە، هەروەها هەڵوێستی توركیا چۆن دەبێت؟**

- دەزانین هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامی هەرچەندە تیرۆریزمی داعش سەركۆنە دەكەن، بەڵام پاڵپشتی گرووپە ئیسلامییە چەكدارەكانی دیكە دەكەن، بۆیە بەبێ ڕاستگۆیی و ڕاشكاوی، بەدڵنیاییەوە هاوپەیمانییان لە دژی تیرۆر سەرناگرێت. توركیا لەسەر شانۆی سووریا دوو هەڵەی كردووە: یەكەم تێوەگلا لە ڕووخاندنی حكومەتی ئەسەد و دووەم پاڵپشتی هەندێك گرووپی ئۆپۆزسیۆنی كرد كە دوایی توندڕەو دەرچوون، ئەو توندڕەوانەش لە دژی توركیا هەڵگەڕانەوە. ئەو وانەیە كە دەبێت هەمیشە لەیادمان بێت. ئەوەیە دوژمنی دوژمنەكەم هەمووكاتێك هاوڕێم نییە، دەشتوانێت لە دژم بوەستێتەوە. بۆیە ئەوەی دەبێت بكرێت ئەوەیە كە تیرۆریزم لەناوببرێت وەك ڕێگەیەكی سیاسەت درووستكردن و دەبێت پاڵپشتی ئاشتییانەی سیاسەت دروستكردن بكەین.

*** دیدی توركیا بۆ داهاتووی ناوچەكە تا ڕادەیەك هاوشێوەی هەرێمی كوردستانە و بە شێوەیەكی بنەڕەتی لە دیدی بەغدا جیاوازە. بۆ نموونە حكومەتی عێراقی دەیەوێت بەشار ئەسەد بە هەر نرخێك بێت بمێنێتەوە، لە كاتێكدا هەولێر و ئەنقەرە هەڵوێستیان جیاوازە. ئەمە چۆن دەبێتە هۆی هاوكاری ستراتیژی لە نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان لە داهاتوودا؟**

- بەڵێ، هەردووكیان دیدی ستراتیژی هاوشێوەیان هەیە، ئەمەش دەبێت لە ئێستادا بپارێزرێت و پێوەندییە ئابوورییەكان پەرەی پێبدرێت. هەروەها لەهەمان كاتدا سیستەمێكی سیاسی جەماوەری هەبێت كە ئیرادەی خەڵك پێناسەی دەسەڵات بكات، بۆیە لەم خاڵانەدا ئەنقەرە و هەولێر لەیەك دەچن، بەڵام بەغدا تا ڕادەیەكی زۆر ڕەنگدانەوەی بۆچوونی تارانە و ناتوانێت سەربەخۆیانە كار بكات، هەروەها ئەنقەرە و هەولێر بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوانن و هەوڵدەدەن ڕێگە و شێواز و یاسا و سیاسەت و ئابووری بازاڕی ڕۆژئاوایی درووستبكەن، لەم ڕووەوە لەیەكچوون هەیە لەنێوان هەردوو پایتەخت و خەڵكدا، سەرجەم ئەوانی تر وەك بەغدا و دیمەشق لە بەرژەوەندی كەسێكی تر كار دەكەن وەك وەكیل و دەیانەوێت ئیرادەیان بسەپێنن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام خەڵكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت قسەی خۆیان هەبێت، بەم واتەیە هاوپەیمانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر ستراتیژیە و هەردوو حكومەتی هەرێمی كوردستان و توركیا لەم ڕاستییە ئاگادارن.

ئێران هێزێكی هەرێمیە و ئەجێندای خۆی هەیە و هەمیشە ئەجێندای جیاوازی هەبووە لە كاراكتەرە هەرێمایەتییەكان و تەنانەت كاراكتەرە جیهانییەكانیش، لەبەر ئەوەی ئێران دەیەوێت دەسەڵاتی لە قەوقاس و ناوەڕاستی ئاسیا و كەنداو و تا دەریای ناوەڕاست پیادەبكات. دەیەوێت ئەمە بە دوو شێوە بكات، هەم لەڕێی سەربازی و هەم لەڕێی ئایینەوە، بۆیە هێڵی شیعە لە ئێران دەستپێكرد بۆ لوبنان و بۆ سعودیە كە بەشێكی شیعەن، ئێران دەیەوێت ئەم هێڵە ئایینییە كارا بكات و هەرێم بۆ تاران درووستبكات، هەروەها لە ڕێی بوونی بە هێزێكی ناوكی، دەیەوێت نفوزی نەك هەر لەم ناوچەیەدا هەبێت، بەڵكو خۆی لە زیانی ئیسرائیلیش بپارێزێت و هاوسەنگی دەسەڵاتی ئیسرائیل بێت، هەربۆیە ئەوانەی لەلایەن ئیسرائیلەوە پاڵپشتی دەكرێن، ئەم ئەجێندایە قبووڵ ناكەن و ئێران گۆشەگیر دەكەن و ئێران ئازار دەچێژێت، بەڵام توانیویەتی یەكگرتوویی خۆی بهێڵێتەوە. ئێستا كە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێكچووە، ڕۆژئاوا بۆی دەركەوتووە كە دەبێت هەندێك كاراكتەری سەقامگیر هەبێت بۆ ئەوەی ناوچەكە سەقامگیر بكات. ئیسرائیل ناتوانێت ببێتە كاراكتەرێكی ئاوا لەبەر ناكۆكی نێوان عەرەب و جوولەكە، بۆیە ئێران ماوەتەوە كە دەتوانێت وەك هێزێكی سەقامگیر كار بكات لەناوچەكەدا، ئێران ئێستا هەستدەكات زۆر بەهێزكراوە و زۆر نزیكە لە دەستپێشخەری و یارییە جیهانییەكان، ئەمەش پشتدەبەستێت بەوەی تاچەند تاران دەچێت بەلای ئەوەی نفوزی خۆی پیادە دەكات بە بێ هاوبەشیكردنی دەسەڵات و بوونی بە هاوبەشی ئاشتی لەگەڵ كاراكتەرەكانی دیكەی ناوچەكەدا.

**دەبێت ڕاستگۆبین لەمەدا، ئەگەر تیرۆریزم وەک هەڕەشەیەک بۆ مرۆڤایەتی دەبینی، ئیتر گرنگ نییە چ ناوێک، یان چ ئایینێکیان هەیە، دەبێت ڕەتبکرێنەوە**

**داعش تەنیا ڕێکخراوێکی پارامیلیتاری و سیاسی نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکە کە ڕۆژئاوا و هەرشتێک کە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبێت، لە ناویشیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا، وەک دوژمن سەیردەکات و پێیوایە دەبێت لەناوببرێن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی داعشدایە، داعش بانگەشەی ئەو ناوچەیە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حوکمی دەکات، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە داعش بپارێزرێت**



### تێدگەلێن کارپنتەر جێگری سەرۆکی ئامۆژگای کاتۆ بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا و ناتۆ بە تورکیا رابگەیەنن رازین بە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

پرۆفیسۆر، تێد گەلێن کارپێنتەر، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری مێژووی دیپلۆماسی لە زانکۆی تەکساس بەدەست هێناوە. پێشتر بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی دەرەکی بووە لە ئامۆژگای کاتۆ، هەروەها جێگری سەرۆکی هەمان ئامۆژگا بووە بۆ دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوە. نووسەری دە کتێبە لە بواری کاروبارە نێودەوڵەتییەکان و چەندەها وتاری لەم بوارەدا هەیە. بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی شەڕی داعش و ئەگەری سەربەخۆبوونی کوردستان، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی خۆی کرد.

*** حاڵی حازر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە گۆڕەپانی دەستێوەردانی دەرەکی و ڕکابەری ناوچەیی و ئێستا بارودۆخەکە بە ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆز بووە و هەوڵەکانی گەیشتن بە چارەسەریش ناگەنە ئاکام، ئایا چ ڕێگاچارەیەك ماوە بگیرێتەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و قەیرانەکان لەم ناوچەیە؟**

- ئەمە تێبینییەکی زۆر ورد و قووڵە. هەر لەمێژە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕەپانێکی جیۆپۆلیتیکییە بۆ زلهێزەکان لەسەر حیسابی نەهامەتی دانیشتووانە جیاوازەکانی ناوچەکە، باشترین شت کە ولایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا و هێزە دەرەکییەکانی دیکە بیکەن، ئەوەیە کە واز لە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێنن، خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن، یان بە دەستێوەردانێکی کەمەوە هاوکارییان بکەن.

*** لە ئێستادا شەڕی دژی داعش پەرەسەندنی دیکەی بە خۆوە بینیوە، ئەویش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە داعش هەڕەشەیەکی جیهانییە و پێویستە بەرپەرچی بدرێتەوە، کەواتە چۆن دەبێت ستراتیژیەت دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت؟**

- داعش نەدەبووە هەڕەشەیەکی جیهانی ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بڕیاریان نەدایە دەستوەربدەنە ململانێی ناوچەکانەوە. ئەجێندای داعش لە بنەڕەتدا خۆی لە ناوچەکەدا قەتیس دابوو. تا زیاتر ویلاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دەستێوەردان بکەن، ئەوا زیاتر داعش وڵاتەکانیان دەکاتە ئامانج.

*** لەنێو شرۆڤەکاراندا هاوڕاییەك هەیە کە داعش دەرهاوێشتەی کێشەی قووڵترە، ئێستا ناوچەکە بە دەست چەندین قەیران و تەنگژەی سەختەوە دەناڵێنێت، دەوڵەتانی ناوچەکە شکستیان هێناوە و گڕی ئاگری تائیفەگەریش بڵێسە دەسێنێت، کەواتە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم کێشانە لە ئایندەدا ڕوونەدەنەوە؟**

- داعش دەرکەوتەیەکی ململانێی دەسەڵاتی ناوچەیی شیعە و سوننەکانە. کێشە بونیادی و ڕوونترەکە ئەوەیە کە سنوورە سیاسییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی زۆر لەلایەن هێزە کۆلۆنیاڵە ئەورووپییەکانەوە سەپێندراوە و لە گۆشەنیگای ئایینی، یان مۆراڵییەوە مانایەکی نییە. دەرئەنجامی سەقامگیرتر لەوانەیە ئەوە بێت سووریا و عێراق هەڵبوەشێندرێتەوە بۆ قەوارەی نوێ کە لەگەڵ واقیعە ئایینی و نەژادییەکاندا بگونجێت. ئەمەش کوردستانی گەورە و قەوارەی نوێی عەرەبە سوننەکان لە ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕۆژئاوای عێراق و قەوارەیەکی بچووکتر بۆ هەموو شیعەکانی عێراق و دەوڵەتێکی بچووك بۆ مەسیحی و درووزەکان لە ڕۆژئاوای سووریا لەخۆ دەگرێت. گۆڕانکارییەکی ئاوا ئاسۆکانی سەقامگیرییەکی درێژخایەن دەخاتە بەردەست.

*** کەواتە ئایا ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا کە پێیوایە بۆ ئەوەی سوننەکان پاڵنەری ئەوەیان بۆ دروست بێت چالاکانە بکەونە دژایەتی داعش، ئەوا پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت دەوڵەتێکی سوننە دروست بکرێت، چۆن لەم پێشنیارە دەڕوانن و چەند بە ڕێگاچارەیەکی لەباری دەزانن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا، تەنانەت ئەگەر قەوارەیێکی ئاوا دروست بکرێت، نازانین ئاخۆ دەبێت متمانە بکەین بەوەی کە تورکیا و سعودیە و هەروەها هاوپەیمانەکانی لە کەنداودا، ئایا بەڕاستی ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە، یان نا.

*** ڕزگارکردنی شنگال ڕووداوێکی گەورە و گرنگ بوو لە شەڕی دژی داعشدا و سەلماندی کە دەکرێت داعش تێکبشکێندرێت، کەواتە ئەم سەرکەوتنە چیمان پێدەڵێت و چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- شەڕەکەی شنگال دوو شتی یەکلاکردەوە. یەکەمیان ئەوەیە پێشمەرگە بەتواناترین و پڕحەماسترین هێزی دژە داعشن لەناوچەکەدا. دووەمیشیان ئەوەیە کە تێکشکانی داعش پێویستی بەوەیە لە سەردەستی یاریزانێکی ناوچەیی ئاوا بێتە ئاراوە، نەك هێزە دەرەکییەکان.

*** کورد لە عێراق باس لەوە دەکەن کە ئەوان کاروانی سەربەخۆییان بەڕێکردووە و چیتر نایانەوێت ببنە قوربانی شکستی ئەوانی دیکە، کەواتە ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووە و کوردیش بە شێوەیەکی کارا بەرەنگاری تیرۆر بۆتەوە و ئەدایەکی باشی هەبووە لە هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانیدا، کەواتە ئەو هەنگاوانەی دیکە چین کە پێویستە کورد بیانگرێتەبەر بۆ ئەوەی پاڵپشتی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت؟**

- دوودڵی کۆمەڵگەی کوردی بۆ مانەوە وەك بەشێك لە ناو دەوڵەتی تەواو لاوازی عێراق قابیلی تێگەیشتنە و ڕێگری سەرەکی بۆ ئەم گۆڕانە ناڕازیبونی بەردەوامی ئێران و تورکیایە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە عێراق، یان لە سووریا. بەڵام دەتوانین بڵێین کاتی ئەوە هاتووە ولایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ بە ڕوونی بڵێن کە هاوپەیمانیی ناتۆ چیتر ناڕازی نییە لە درووستبوونی کوردستانی سەربەخۆ و ئەگەر تورکیاش دەیەوێت وەك ئەندامی ناتۆ بمێنێتەوە (لەگەڵ گرنگی سودە ئەمنیەکانی ئەم بەئەندامبوونە کە لەخۆیدا هەڵیگرتووە)، ئەوا دەبێت لە ڕێگرییەکانی بۆ گۆڕانکاری واز بێنێت.

*** چۆن لە سەردانەکەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ سعودیە و پێشوازییە گەرمەکەی لە لایەن شا سەلمان-ـەوە دەڕوانیت؟ ئایا گرنگی بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و سعودیە و وڵاتانی کەنداو بە گشتی چین؟**


- ئەمە دەبێتە بنەمای هاوکارییەکی نزیکتر، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تۆماری سعودیە لە ڕەفتارە نهێنی بڕەکانی، ئەوا سەرۆك بارزانی دەبێت زۆر وریا بێت لە بارەی هاوکاریکردن لەگەڵ سعودییەکاندا.

شەڕەکەی شنگال دوو شتی یەکلاکردەوە. یەکەمیان ئەوەیە پێشمەرگە بەتواناترین و پڕحەماسترین هێزی دژە داعشن لەناوچەکەدا. دووەمیشیان ئەوەیە کە تێکشکانی داعش پێویستی بەوەیە لە سەردەستی یاریزانێکی ناوچەیی ئاوا بێتە ئاراوە، نەک هێزە دەرەکییەکان

دوودڵی کۆمەڵگەی کوردی بۆ مانەوە وەک بەشێک لە ناو دەوڵەتی تەواو لاوازی عێراق قابیلی تێگەیشتنە و ڕێگری سەرەکی بۆ ئەم گۆڕانە ناڕازیبونی بەردەوامی ئێران و تورکیایە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە عێراق، یان لە سووریا

باشترین شت کە ولایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا و هێزە دەرەکییەکانی دیکە بیکەن، ئەوەیە کە واز لە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێنن، خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن، یان بە دەستێوەردانێکی کەمەوە هاوکارییان بکەن

# هۆكارەكانی شكست و سەركەوتنی وڵات



د. لەتیف كەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ماوەیەكە دەستەواژەی وڵاتانی شكستخواردوو (Failed Nations) زۆر لە نێوەندە ئەكادیمی و سیاسییەكاندا دووبارە دەبێتەوە. ئەو دەستەواژەیەش بە شێوەیەكی گشتی لەتەك بارودۆخی هەندی وڵاتی وەك ئەفغانستان و سۆماڵ و كۆنگۆ و یەمەندا خانایيان هەیە. بەداخەوە لە دوای كشانەوەی فەرمیی وڵاتە كۆلۆنیالەكان لە وڵاتەكانی ژێردەستیان، زۆر وڵاتی هەژار، یا ئەوەتا بناغە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانیان لەبار نەبووە بۆ گەشەكردن، یا ئەوەتا تووشی حكومەتی گەندەڵ و دواكەوتوو بوون كە نەیانتوانی بناغەكانی گەشەكردن دابمەزرێنن.

پێش ئەوەی ئەم بابەتە بە شێوەیەكی دروست شیبكەینەوە، پێویستە پێناسەی وڵاتی شكستخواردوو بكەین. ئەڵبەتە وڵاتی شكستخواردوو هاوتا نییە بە دەوڵەتی شكستخواردوو. زۆر جار دەشێت دەوڵەتێك (حكومەتێك) لە قۆناغێكی مێژوویی، یا خولێكی هەڵبژاردندا سەرنەكەوتوو بێت، بەڵام لە خولێكی دیكەدا بە سیاسەتەكانی خۆیدا بچێتەوەو هەڵە ئابووری و سیاسییەكانی بگۆڕێت، یا ئەوەتا پارتێكی سیاسی دیكە بێتە سەركار و بە سیاسەتەكانی دەوڵەتدا بچێتەوە. شكستخواردنی وڵات، دەستەواژەیەكی گشتگیرە و لایەنەكانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سەقامگیری هەموو وڵات دەگرێتەوە و دەوڵەتیش (حكومەت) بەشێكە لەو شكستە گشتگیرە.

### ● شکستخواردن

بەپێی ڕێکخراوی ئەمریکایی کۆمەکی دارایی بۆ ئاشتی (Fund for Peace) بە وڵاتانێک دەگوترێت شکستخواردوو گەر ئەم تایبەتمەندییانەیان تێدا بەدیبکرێت، یەکەم: دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی وڵاتەکەیدا لە دەست دابێت. دووم: دەسەڵاتی یاسایی و دادوەری داهێزرابێت. سێیەم: توانای دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتییەکانی نەبێت. چوارەم: توانای هەڵسوکەوت و پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە دەست دابێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێناسەیە دوو چەمکی گرنگی فەرمانڕەوایی دەگرێتەوە. یەکەم: نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی (Central Authority) لە وڵاتدا کە ئەرکی یەکخستن و دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی وڵاتی لە دەستدایە. دەرئەنجامی ئەمەش داهێزران و دابەشکردنی وڵاتی لێدەکەوێتەوە و هاونیشتمانیانی وڵات هەستی نیشتمانپەروەرییان لە دەست دەدەن (Absence of sense of belonging). دووەم: نەبوونی دەسەڵاتی ناوەند خۆی لە خۆیدا نەبوونی توانای ئابووری دەگەیەنێت کە پێویستە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک خوێندن و پەروەردە، تەندروستی، دابینکردنی وزە و ئاو، ڕێگەوبان و.. تاد. نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە لایەکی دیکەوە ڕێگە خۆشدەکات بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا. لە گەڵ ئەوەشدا، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی تووشی شکست بوون، ڕێژەی بەرزبوونەوەی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆر بەرزە و لەگەڵ هەبوونی نائارامی سیاسی و ئەمن و ئاسایش دەبێتە هۆی ئەو دیاردەیەی کە پێی دەگوترێت: پاڵەپەستۆی دانیشتووان. واتە کۆچکردنی دانیشتووان بۆ وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپی و دیاردەی ئاوارەیی و هەبوونی ئۆردوگای ناجێگیربووان.

ڕێکخراوی ناوبراو ساڵانە سێ پێوەری سەرەکی بەکاردێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی وڵاتانی هەموو جیهان. یەکەم: پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان: ئەمانەش بریتین لە هەبوونی توندوتیژی نەژادی و ئایینی، لێکترازان، ژینگە پیسی و بڵاوبوونەوەی پەتاکان، کەمبوونی خۆراک و دیاردەی برسێتی، ڕەوکردن و وڵات بەجێهێڵان، بەتایبەت توێژی خوێندەوار و ڕۆشنبیر. دووەم: پێوەرە ئابوورییەکان: ئەمانەش هەژاری بەربڵاو، بێکاری زۆر، هەڵئاوسان، کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت، دابەزینی توانای کڕینی هاووڵاتیان، نزمبوونی داهاتی تاکەکەس. سێیەم: پێوەرە سیاسی و سەربازییەکان: بۆ نموونە، شەڕی ناوخۆ، هەبوونی گروپی چەکداری، گەندەڵیی بەربڵاو، ناکارایی دام ودەزگاکانی دەوڵەت، ئابووری شاراوە، زۆربوونی تاوان، نزمیی ئاستی دیموکراسی، کەمبوونی ئازادییەکان، ناسەقامگیری دەسەڵات و ململانێی سیاسی، دەستێوەردانی دەرەکی، کۆمەکی بیانی و ئابلۆقەی ئابووری و ...تاد.

### ● وڵاتانی شکستخواردوو

خشتەی وڵاتانی شکستخواردووی هاوپێچ ئەوە نیشان دەدەن کە بە شێوەیەکی گشتی هەموو وڵاتانی لەو جۆرە دەناڵێنن بە دەست ناسەقامگیری سیاسی و ئاسایشەوە. لە هەمان کاتدا، جگە لە هاییتی و گینیا و زیمبابۆی، هەموو ئەو وڵاتانە دووچاری شەڕی ناوخۆ و گروپی چەکداری بوونەتەوە. لە ڕووی داهاتی تاکەکەسی و هەژارییەوە، جگە لە عێراق کە داهاتی بەرزەو هەژاری زۆرە، داهاتی تاکەکەس لە ساڵێکدا لە هەموو ئەو وڵاتانەدا لە هەرە داهاتە نزمەکانی هەموو جیهانن. لە ڕووی پاڵەپەستۆی دانیشتووانەوە، بە پێوەری بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووان، ئەو وڵاتە شکستخواردووانە لە ڕیزبەندی وڵاتانی هەرە بەرزی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانن. دەرئەنجامی ئەمەش بێگومان بەرزیی ڕادەی هەژاری و ڕەوکردن و ناجێگیری دانیشتووانی ئەو وڵاتانەیە.

### ● هۆکارەکانی شکستخواردنی وڵاتان

لە ڕووی تیۆرییەوە مشت و مڕێکی زۆر کراوە لە سەر ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی شکستخواردنی وڵاتان. دارن ئەجەمئۆگلو و ستیف ڕۆبنسن (Daron Acemoglu & Steve Robenson) وای بۆ دەچن کە هۆکاری هەرە سەرەکیی شکستخواردن دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دامودەزگاکانی وڵات. ئەوان لەو باوەڕەدان کە دامودەزگاکانی وڵاتی شکستخواردوو وەرگر یا دەرهێنەرن (Extractive). واتە دامودەزگاکان خێروبێر لە کۆمەڵگە دەردەهێنن بۆ خزمەتی توێژێکی بەرتەسکی دیاریکراو و و زۆربەی دانیشتووانی وڵات بێبەش دەبن لە سامانەکانی وڵات. بەپێچەوانەوە، لە وڵاتانی سەرکەوتوودا، دامودەزگاکان لەخۆگرن (In-clusive). واتە دامودەزگاکان لە خزمەتی هەمووانداپە و بۆ هەمووانە. لێرەشدا نموونەی شاری نۆگالیس (Nogales) دەهێننەوە کە بەشێکی دەکەوێتە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە (Nogales Arizona) و بەشەکەی دیکەی دەکەوێتە مەکسیکەوە (Nogales

**بەرزکردنەوەی ئەگەری هێنانە کایەی وڵاتێکی سەرکەوتوو و کەمکردنەوەی ئەگەری وڵاتێکی شکستخواردوو لە کوردستانی داهاتوودا پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆ هەیە**

**ئەزموون و مێژووی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەوە پیشان دەدەن کە هەر میللەتێک پەنای برد بۆ چەک و توندوتیژی بۆ لابەلاکردنی ململانێکان، ئاسۆی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیان زۆر دوادەکەوێت**

**زۆر گرنگە پێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بە وردی بیر لەوە بکرێتەوە کە هۆکارەکانی شکستخواردن لاواز بکرێت و ڕێگە خۆشبکرێت بۆ هێنانەکایەی دامودەزگای لەخۆگر و سیستەمێکی دیموکراسی**

**هەرچەندە کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و ناتواندرێت بە وڵاتی شکستخواردوو ناوببرێت، بەڵام ژێرخانی ئابووری و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی خانابییەکی زۆریان لەگەڵ بارودۆخی وڵاتانی ناوچەکە هەیە**

**زاڵبوون و فەرمانڕەوایی سیستەمی دیکتاتۆری لەو وڵاتانەدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ زەمینە و ژێرخانی کۆمەڵگەی مەدەنی وا لەناو بردووە کە ژینگەی لەباری سەرهەڵدانی دامودەزگای لەخۆگریان ئاستەم کردووە**

**وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕیزبەندی وڵاتانی دواکەوتووی جیهان دەژمێردرێن، لە ڕووی سیاسیشەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەزموونی خراپترین دیکتاتۆری جیهانیان هەبووە**

Sonora). لە بەشە ئەمریکیەکەدا داهاتی تاکە کەس نزیکەی سی هەزار دۆلارە لە ساڵێکدا، زۆربەی گەنجان لە قوتابخانەدان، زۆربەی پێگەیشتووان دەرچووی زانکۆن، ڕێژەی تەمەن لە سەرەوەی شەست ساڵەوەن و دەرگای دەزگا تەندروستییەکانیان بەڕوویاندا ئاوالآیە. هەموو خزمەتگوزارییەکانی وەک کارەبا و ئاو و تەلیفۆن و ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ بە شێوەیەکی هەمیشەیی هەیە و لە سەرەوەی هەموویانەوە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەمن و ئاسایشیان بۆ دابینکراوە. بەپێچەوانەوە، لە بەشە مەکسیکییەکەدا کە خەڵکی هەمان زمان و کەلتووریان هەیە، داهاتی ساڵانەی تاکە کەس سێیەکی داهاتی بەشە ئەمریکییەکەیە، زۆربەی خەڵکی خوێندنی زانکۆیان تەواو نەکردووە و زۆربەی گەنجان لە دەرەوەی قوتابخانەن، زۆربەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدان، ڕێژەی تەمەن زۆر لە خوارەوەی بەشە ئەمریکیییەکەیە، جادە و بانەکان زۆر خراپن، ئەمن و ئاسایش بەرقەرار نییە و زۆربەی سیاسەتمەدارەکان گەندەڵن.

ئەو دوو نووسەرە سەرهەڵدانی دامودەزگای لەخۆگر دەبەستنەوە بە سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسییەوە و وادەزانن کە دامودەزگاکانی لەخۆگر لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکادا بە شێوەیەکی سیستەماتیک سەریان هەڵداوە، چونکە ژینگەی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا لەبار بووە بۆ سەرهەڵدانێکی لەو جۆرە. بۆ نموونە شۆڕشی مەزن (The Glorious Revolution) لە بەریتانیادا لە ساڵی ١٦٨٨ دا دەسەڵاتێکی زۆری دیاریکردنی دامودەزگاکانی ئابووری لە پاشای بەریتانیا سەندەوە و دای بە پەرلەمان. لە هەمان کاتدا، لەو سەردەمەدا و بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکانی دیکەوە، سیستەمی کۆیلایەتی و فیودالی لە بەریتانیا بوونیان نەبوو، هەربۆیە دامودەزگاکانی کە دوای شۆڕشی مەزن دروستبوون زۆر زیاتر لەخۆگربوون لەچاو دامودەزگاکانی وڵاتە ئەوروپاییەکانی دیکە کە هێشتا سیستەمی فیودالی تێیاندا زاڵبوو. لە سەرووی ئەمانەوە، ئەو دوو نووسەرە باس لەوە دەکەن هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەو شێوە دامودەزگانەیان تێدا سەریهەڵداوە بە دووڕیانی وەرچەرخاندا (Critical Juncture) تێپەڕبوون کە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەو گۆڕانە مێژووییانە. بۆ نموونە: نەخۆشی لاڕەشە The Black Death کە لە ساڵی ١٣٥٠دا ملیۆن و نیوێک لە کۆی چوار ملیۆن دانیشتووانی بەریتانیای کوشت و بووە هۆی لارسەنگییەکی دانیشتووانی ئەوتۆ کە بە تەواوی فیودالی لەناوبرد. لێرەدا، دامودەزگای سیاسیی لەخۆگر دەبنە مایەی دروستبوونی دامودەزگای لەخۆگری ئابووری. ئەم دوو دەزگا جیاوازانە کاری ئەرێنی دەکەنە سەر یەکتر. زۆر بەداخەوە زۆر جار دووڕیانی وەرچەرخان دێتە کایەوە بۆ وڵاتان، بەڵام توانایان نییە هەلی دامەزراندنی دامودەزگای لەخۆگری سیاسی و ئابووری دروستبکەن و هەلەکان لەبار دەچن. بۆ نموونە، کاتێک حکومەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٤٠دا ویستی چاکسازی دامودەزگاکانی ئابووری و سیاسی بکات، زاڵبوونی فەرمانڕەوایی سوڵتانی وەرگر ڕێگەیان گرت لەو پێشکەوتنە. بەهەمان پێوەر، لە دوای جەنگی دووەمی جیهان، ئەو وڵاتانەی لە دەست کۆلۆنیالیزم ڕزگاریان بوو، هەلی وەرچەرخانیان بۆ ڕەخسا، بەڵام نەیانتوانی ئەو هەلە بقۆزنەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە کە ئایا هەلومەرجی سەرهەڵدانی دامودەزگای لەخۆگر چین و ئەشێ لە هەموو وڵاتێکدا هەبن؟

هەرچەندە ئەو دوو نووسەرە نموونەی زۆر دەهێننەوە بۆ پاڵپشتی تیۆرییەکەیان، بەڵام ڕەخنەیەکی زۆر لە تەسک ڕوانینیان دەگیردرێت. بۆ نموونە: جارد دایمۆند (Jared Diamond) لەو بڕوایەدایە کە هەبوونی دامودەزگای لەخۆگر ڕەنگە ٥٠ لە سەدای گۆڕانکارییەکان لێکبداتەوە، بەڵام تاکە هۆکاری گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە. بۆ نموونە: هۆکاری جیۆگرافی لە سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و هەبوونی ژینگەی بڵاوبوونەوەی پەتاکانی وڵاتانی ئیستوائی و کارتێکەری سەرچاوە سرووشتییەکان و زوو نیشتەجێبوونی ڕەوەندەکان و چۆنێتی سەرهەڵدانی دامودەزگاکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە کارتێکەری جیاوازیان هەبووە. بۆ نموونە: چۆن دیاردەی جێگیربوون و سەرهەڵدانی کشتوکاڵ لە هەندی ناوچەدا بوونە هۆی دروستبوونی شارستانی پێش وڵاتانی دیکە. لە هەمان کاتدا، چۆن پەتاکانی ئیستوائی دەبنە هۆی کورتبوونی ڕێژەی تەمەن و ڕێ دەگرن لە کەڵەکەبوونی زانست و کارامەیی کرێکار. جارد دایمۆند بە دروستی پەنجە بۆ هۆکاری سامانە سروشتییەکان ڕادەکێشێت و دەڵێت: ئەجەمئۆگلو و ڕۆبنسن بە کەم سەیری کارتێکەری سامانە سروشتییەکان دەکەن لە سەرهەڵدانی گەندەڵی و دەسەڵاتداری دیکتاتۆری و وەرگر. بۆ نموونە: هیچ

خشتەی وڵاتانی شکستخواردوو

| وڵات | داهاتی تاکەکەس لە ساڵێکدا ($)(٢٠١٢) | هەبوونی شەڕی ناوخۆ | ڕێژەی بەرزبوونەوەی دانیشتووان ٪ ٢٠١٤ |
|---|---|---|---|
| باشووری سودان | ٨٢٠ | ✔ | ٣,٩ |
| سۆماڵ | – | ✔ | ٢,٤ |
| کۆماری ناوەندی ئەفریقا | ٤٨٠ | ✔ | ٢,٠ |
| سودان | ١٦٥٠ | ✔ | ٢,١ |
| کۆنگۆ | ٣٥٠ | ✔ | ٣,٢ |
| چاد | ٩٦٠ | ✔ | ٣,٣ |
| یەمەن | ١١٨٠ | ✔ | ٢,٥ |
| سووریا | – | ✔ | ١,٧ |
| ئەفغانستان | ٦٩٠ | ✔ | ٣,٠ |
| گینیا | ٤٣٠ | – | ٢,٧ |
| عێراق | ٦١٤٠ | ✔ | ٣,٠ |
| هاییتی | ٧٥٠ | – | ١,٣ |
| پاکستان | ١٢٦٠ | ✔ | ٢,١ |
| نایجیریا | ٢٤٧٠ | ✔ | ٢,٧ |
| زیمبابۆی | ٨٧٠ | – | ٢,٣ |

سەرچاوە: World Bank Data Base

**لە خشتەی وڵاتانی شکستخواردوودا یەمەن و عێراق و سووریا لە بارودۆخێکی زۆر خراپ و ناجێگیردان کە تا ئێستاس دووچاری شەڕێکی ناوخۆی گشتگیر بوونەتەوە کە ئاسۆی ڕەواندنەوەیان لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا دیار نییە**

**ئەزموونی گەشەکردنی وڵاتان ئەوە نیشان دەدەن کە هەبوونی نەوت و گاز و ئەڵماس نەفرەتن و هەبوونی دار و ئاسن بۆ گەشەکردنی ئابووری و سەرهەڵدانی حوکمڕانیی گەشەکەر خێروبێرن**

**زۆر جار دووڕیانی وەرچەرخان دێتە کایەوە بۆ وڵاتان، بەڵام توانایان نییە هەلی دامەزراندنی دامودەزگای لەخۆگری سیاسی و ئابووری دروستبکەن و هەلەکان لەبار دەچن**

جیاوازییەک ناکەن لە نێوان هەبوونی ئاسن و دار لە لایەک، نەوت و ئەڵماس لە لایەکی تر. ئەزموونی گەشەکردنی وڵاتان ئەوە نیشان دەدەن کە هەبوونی نەوت و گاز و ئەڵماس نەفرەتن و هەبوونی دار و ئاسن بۆ گەشەکردنی ئابووری و سەرهەڵدانی حوکمڕانیی گەشەکەر خێروبێرن. لە لایەکی دیکە، ئەو دوو نووسەرە بە هیچ جۆرێک باسیان لە کارتێکەری دەرەکی بە باش و خراپ نەکردووە. بۆ نموونە کارتێکەری باشی سوودوەرگرتنی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکی لە وڵاتانی دواکەوتوو بۆ مەبەستی بازاڕ و سەرچاوەی کاڵا سروشتییەکان و بازاڕی هەرزانی هێزی کار. لە هەمان کاتدا، کارتێکەری خراپ و ڕووخێنەری وڵاتانی پێشکەوتوو لە سەرکوتکردن و ڕێگرتن لە پێشکەوتنی وڵاتانی هەژار. بۆ نموونە: تێکشکانی هەوڵدانی پێشکەوتنی پیشەسازی لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشای میسر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا و دەیەها نموونەی لەو چەشنە.

## • وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شکستهێنان

هەرچەندە نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ لە میزۆپۆتامیا لە هەمان کاتی چیندا سەریان هەڵدا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕیزبەندی وڵاتانی دواکەوتووی جیهان دەژمێردرێن، لە ڕووی سیاسیشەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەزموونی خراپترین دیکتاتۆری جیهانیان هەبووە. لە خشتەی وڵاتانی شکستخواردوودا یەمەن و عێراق و سووریا لە بارودۆخێکی زۆر خراپ و ناجێگیردان کە تا ئێستاس دووچاری شەڕێکی ناوخۆی گشتگیر بوونەتەوە کە ئاسۆی ڕەواندنەوەیان لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا دیار نییە. ئاشکراشە کە ئەو بارودۆخانە دەرئەنجامی سیستەمێکی دیکتاتۆری وەرگر بوون کە لە خزمەتی توێژێکی فەرمانڕەوای تەسکدا بوون. تەنانەت ئەو وڵاتانەش لە ناوچەکەدا کە باری ئابووری و ئاسایشیان سەقامگیر دیارە، گەر نەوتیان لێ دەربکەیت هەموویان لە ڕیزبەندی وڵاتانی شکستخواردوودا دەبن.

هۆکاری دواکەوتن و شکستخواردنی ئەم وڵاتانە مشت و مڕێکی زۆریان لە سەرکراوە. هەرچەندە ئەجەمئۆگلو و ڕۆبنسن هۆکاری گەشەنەکردنەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ مێژووی دامودەزگاکانی وڵات، کە لە راستیدا هۆکارێکی گرنگە، بەڵام کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هەن کە ئەوانیش نەخشی گرنگیان هەبووە لە دواکەوتنی ئەو وڵاتانە. بۆ نموونە: کارتێکەری جەنگەکانی عەرەب و ئیسرائیل کە سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆری بەفیڕۆدان و بووە مایەی دروستکردنی سوپای گەورە و بێکەڵک و لە هەمان کاتدا هاتنە سەر حوکمی سوپاکانی ئەو وڵاتانە بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ. لە کاتێکدا، کەلتوور و ئایینی زاڵی ئەو وڵاتانە کە لە ڕووی شارستانییەوە خۆیان بە دەستەباڵاتر دەزانن بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی. بێگومان نەبوونی دیموکراسی ڕاستەقینە بووەتە مایەی سەرهەڵنەدانی دامودەزگای لەخۆگر و نەبوونی لێپێچینەوە لە فەرمانڕەوایان لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە. دیاردەی بەناو (بەهاری عەرەبی) لە وڵاتانی تونس و میسر و لیبیا نەبووە هۆی دروستکردنی دووڕیانی وەرچەرخان. تەنانەت گەر ئەو بەهارەش سەرکەوتوو بوایە لە ڕووی سیاسییەوە ئەگەری هاتنەکایەی دامودەزگای لەخۆگر لەو وڵاتانەدا زۆر ئاستەم دەبوو. یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەو ئەگەرەی دروستکردووە ئەوەیە کە زاڵبوون و فەرمانڕەوایی سیستەمی دیکتاتۆری لەو وڵاتانەدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ زەمینە و ژێرخانی

**شکستخواردنی وڵات، دەستەواژەیەکی گشتگیرە و لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سەقامگیری هەموو وڵات دەگرێتەوە و دەوڵەتیش (حکومەت) بەشێکە لەو شکستە گشتگیرە**

**لە دوای کشانەوەی فەرمیی وڵاتە کۆلۆنیالەکان لە وڵاتەکانی ژێردەستیان، زۆر وڵاتی هەژار، یا ئەوەتا بناغە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان لەبار نەبووە بۆ گەشەکردن، یا ئەوەتا تووشی حکومەتی گەندەڵ و دواکەوتوو بوون کە نەیانتوانی بناغەکانی گەشەکردن دابمەزرێنن**

کۆمەڵگەی مەدەنی وا لەناو بردووە کە ژینگەی لەباری سەرهەڵدانی دامودەزگای لەخۆگریان ئاستەم کردووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوانەی سەرەوەدا، باسکردنی بارودۆخی ئیستای کوردستان پێویستیان بە هەڵوێستەیەکی ورد هەیە. هەرچەندە کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و ناتواندرێت بە وڵاتی شکستخواردوو ناوببرێت، بەڵام ژێرخانی ئابووری و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی خانایەکی زۆریان لەگەڵ بارودۆخی وڵاتانی ناوچەکە هەیە. لە کاتێکدا کە سەربەخۆیی کوردستان هاتووەتە پانتایی سیاسەتی ناوچەکە و دەنگدانەوەیەکی نێونەتەوەیی دروستکردووە، پرسی ئەوەی چۆن کوردستان خۆی بپارێزیت لە دروستبوونی وڵاتێکی شکسخواردوو شایانی بایەخ و تێڕوانینی قووڵ هەیە لەلایەن سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی وڵاتەوە. زۆر گرنگە پێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بە وردی بیر لەوە بکرێتەوە کە هۆکارەکانی شکستخواردن لاواز بکرێت و ڕێگە خۆشبکرێت بۆ هێنانەکایەی دامودەزگای لەخۆگر و سیستەمێکی دیموکراسی. دروستکردنی ژێرخانێکی ئەوتۆ کە بەردەوامی کەڵەکەکردنی زانست و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ پاشەڕۆژ دابین بکات. لەمەڕ ئەم پرسەدا دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو بەردەوامییە یەکڕیزی ماڵی کوردە و نەهێشتنی ململانێی چەکدارییە لە وڵاتدا. ئەزموون و مێژووی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەوە پیشان دەدەن کە هەر میللەتێک پەنای برد بۆ چەک و توندوتیژی بۆ لابەلاکردنی ململانێکان، ئاسۆی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیان زۆر دوادەکەوێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت کە سەقامگیری و بەرقەرابوونی ئەمن و ئاسایش لە سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆری و ناپێشکەوتووخوازیشدا مەرج نییە ببێتە مایەی پێشکەوتن. باشترین نموونە هەبوونی ئەمن و ئاسایشە لە لیبیا و سووریا و میسر و تونس و جەزائیر و لە سەردەمی دیکتاتۆرییەکاندا.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە دووپات بکەینەوە کە بەرزکردنەوەی ئەگەری هێنانەکایەی وڵاتێکی سەرکەوتوو و کەمکردنەوەی ئەگەری وڵاتێکی شکستخواردوو لە کوردستانی داهاتوودا پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆ هەیە و هیواداریین ئەم وتارە ڕێی خۆشکردبێت بۆ کردنەوەی دەرگای ئەو لێکۆڵینەوانە.



**پرۆفیسۆر تۆبیاس شوماخەر، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی ماینز بەدەستهێناوە، وانەبێژ بووە لە چەندین زانکۆ، وەك جۆن هۆپکینز و میونیخ، هەروەها نووسەری دەیان کتێب و توێژینەوە و وتارە لە چەندین بواری گرنگدا، وەك سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و شیکردنەوەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە. گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بەو بارودۆخەی حاڵی حازر ناوچەیەکی پڕ لە تەنگژە و ئاژاوەی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی لە ناوبردنی داعش و ئەگەری سەربەخۆبوونی کورد. ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی دەربڕی.**

## تۆبیاس شۆماخەر

### تایبەتمەند لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دەوڵەتی کوردستان بۆتە دیفاکتۆ و پێشوازی شا سەلمان-یش لە بارزانی نیشانەی ئەوەیە سعودیە بەو دیفاکتۆیە ڕازییە

*** لەم ساتەوەختەدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێك ناجێگیر و پڕ لە دژواری و پشێویدا تێدەپەڕێت، دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە کەوتوونەتە ژێر بارێکی گرانی شکست و داڕووخانەوە، بە چەشنێك ئەگەری ئەوە لەئارادایە لە ئایندەیەکی نزیکدا بارودۆخەکە بەرەو چارەسەر بچێت، ئایا چۆن لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەگەرەکانی ئایندەی ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- بۆ چەندین دەیە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) بوونەتە جێگەی دەستێوەردانی دەرەکی و کێبڕکێی هەرێمایەتی. لە ڕاستیدا، نەخشەی هەرێمایەتی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا ئەنجامی کێبڕکێ جیۆپۆلیتیکییەکانی کاراکتەرە بەهێزە دەرەکییەکانە کە ژمارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە زیادیکردووە. لەکاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی، تا ١٩٨٩ یان ١٩٩٠ دەستێوەردانی دەرەکی، تاڕادەیەکیش هەوڵی هێزە هەرێمایەتیەکان بۆ هەژموونی هەرێمایەتی، ئامانجی ناکۆکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو، ڕووخانی دیواری بەرلین و گۆڕانکارییەکانی دوای ئەوە لە نیزامی جیهانیدا هانی زۆر کاراکتەری دەرەکی دا کە ئامادەبوونیان زیادبکەن لە چەند بەشێکی ناوچەکەدا. ئەمەش شان بەشانی جووڵانەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا لە ئاسیادا و گۆشەگیرکردنی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکان لە سایەی سەرۆك ئۆباما و زیادبوونی باوەڕبەخۆبوونی دەوڵەتانی کەنداو، وەك سعودیە و قەتەر و کوەیت و تاڕادەیەکی کەمتریش ئیمارات ڕۆیشتووە. لەسایەی هەوڵەکانی ئەم دواییانەی ڕووسیا بۆ فراوانکردنی ئامادەباشییە سەربازییەکانی و هەروەها پێوەندییە دیپلۆماسی

**لە دیدی ڕیاز-دا دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق، بووەتە پەرەسەندنێکی خوازراو لەبەر ئەوەی سنوور بۆ دەسەڵاتی شیعەکان دادەنێت و لێرەشەوە بۆ حکومەتەکەی بەغدا بە سپۆنسەری ئێران**

**چەندین وڵات و ڕێکخراو لەمێژە شاندی دیپلۆماسی و نووسینگەیان لە هەولێردا هەیە و ژمارەکەش ڕوو لەزیادبوونە. بەڵام ئەوەی کە ئیعترافی یاسایی دواجار ڕوودات، ئەوا ئەمە بە ڕادەیەکی زۆر پشتدەبەستێت بە ئامانجە هەرێمایەتییەکانی پرۆژەی دەوڵەتی کوردییەوە**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەندجار بەڕوونی دووپاتیکردووەتەوە کە هەر دارشتنەوەیەکی سنووورە هەرێمایەتییەکان لە ناوچەکەدا لەئێستادا ڕوونادات. بەڵام ئەمە پێچەوانەی گۆڕانە بەردەوامەکانە لەسەر زەمینی واقیع، بەتایبەتی لە سووریا و عێراق**

و سیاسی و ئابوورییەکانی لە زۆر بەشی مەشرەق و مەغریبی عەرەبی، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی گەیشتنە ئەنجامی ڕێککەوتنی ئەتۆمی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران و ڕیگەدان بەو وڵاتە بۆ ئەوەی دیسانەوە شەرعییەت بداتەوە بەخۆی، ئەوا ئاشکرایە کە ئاڵۆزییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت. ئەمەش دەرئەنجامی خراپی دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکان بە هاوبەشی، هەروەها بۆشاییەکی دروستکردووە کە کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەك داعش و لایەنگرە ناوخۆییەکانی هەوڵبدەن پڕی بکەنەوە. وتووێژەکانی ئەم دواییانەی ڤیەننا سەبارەت بە سووریا کە هاوئەندامی تاڕادەیەك نائاسایی بە یەکەوە کۆکردەوە، وەك ئێران و سعودیە و تورکیا لەوانەیە لەلایەن هەندێکەوە وەك یەکەم نیشانەی هاوپەیمانییەکی فرەلایەن لەدژی تیرۆر ڕاڤە بکرێت و وەك ئامرازێك ببیندرێت بۆ بەرەوپێشچوونی چارەسەری ناکۆکیەکان. بەڵام بۆچونی لەو جۆرە بۆچونێکی تاڕادەیەك پێنەگەیشتووە و کورتە، لەبەرئەوەی دروستکردنی هەر هاوپەیمانییەکی دژە تیرۆر ناتوانێت بەرژەوەندییە هەمەچەشن و ناوچەییەکانی هەموو کاراکتەرەکانی کە تێوەگلاون بگۆڕێت و چارەسەری دابەشبوونە دەستکردە ئاشکراکانی نێوان سوننە و شیعەکان بکات. بە مانایەکی دی، لەکاتێکدا کاراکتەرە پێوەندیدارە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان هەموویان لەسەر بنەماکانی بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و نەریتە نێودەوڵەتییەکان ڕێککەوتوون، بۆ نموونە وەك بەرپرسیارێتی پاراستن (R2P)، بەڵام ئەمانە بە شێوەی جیاواز ڕاڤە دەکەن بە شێوەیەك سوود تەنیا بە بەرژەوەندییە جیۆستراتیژییەکانی خۆیان بگەیەنێت.

*** لە ئێستادا ئەوە ئاشکرایە کە داعش بۆتە چ مەترسی و هەڕەشەیەك بۆ سەر تەواوی جیهان، هیچ ڕێگایەکیش نییە جگە لە تێکشکاندن و لە ناوبردنی ئەم گرووپە، پرسیارەکە ئەوەیە پێویستە بە چ جۆرێك ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی داعش دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی جیهان بتوانێت خۆی لەم هەڕەشە مەترسیدارە ڕزگار بکات؟**

- لەڕاستیدا هەر بوونی داعش بۆخۆی ئەنجامی دەستێوەردانە دەرەکییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا، هەروەها شکستی دەسەڵاتە ئۆتۆکراتە کەللەڕەقەکانە لە ناوچەکەدا کە نەیانتوانیوە پابەندبن بەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەیەی کە دانرابوو بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و گوزەران و پەرەدان بە بازاڕی کار بۆ هاونیشتمانیانیان. لە بری ئەوە ڕژێمە ئۆتۆکراتەکان لەپێش و پاشی ئەوەی پێی دەوترا بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١دا تەنیا بایەخیان دەدا بە چەسپاندنی زیاتری دەسەڵات و دەستگەیشتنی زیاتریان بە سەرچاوەکانی دەوڵەت لەسەر حیسابی بەشدارییەکی ڕاستەقینەی سیاسی ئاشکرا و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان. لە بەرانبەریشدا سەرقاڵبوون بە بە لیبراڵکردنی سیاسی و بە مۆدێرنکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لەگەڵ دابینکردنی سیستمێکی عەلمانی پەروەردەیی مۆدێرن کە کلیلی سەرەکییە لە شەڕە ناوچەیی و دەرەکییەکانی کارەکتەرەکان لە دژی بە ڕادیکاڵبوون و ڕادیکالیزمێکی لەم چەشنە. هەتا دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی و داپلۆسین و ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا، ژینگەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بە ڕادیکاڵبوون هەر دەمێنێت. بۆیە دانانی پەیمانێکی تری کۆمەڵایەتی بە تەنیا بەس نییە، میکانیزمێکیش دەبێت دابنرێت و فشارێك دروست بکرێت بۆ ئەوەی دەستبەجێ سەرچاوە داراییەکانی داعش و رادیکاڵەکان و بزووتنەوە تیرۆریستیەکانی تر ببڕدرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاراکتەرە هەرێمایەتییەکانی وەك سعودیە و قەتەر و کوەیت پێویستە هاوبەشی بەرپرسیاریەتییەکان بن و هۆشیار ببنەوە کە تاڕادەیەك کارە ناڕۆشن و پێوەندییە نەزانراوەکانیان لەگەڵ کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان لەناوچەکەدا زیان بە سەقامگیرییان دەگەیەنێت. هەروەها هەتا هێزە ڕۆژئاواییەکان بەردەوامبن لە پاڵپشتیکردنی ڕژێمە ئۆتۆکراتیەکان —بۆ نموونە بانگەشەکانی ئەم دواییەی سەرکردە ڕۆژئاواییەکان کە دواجار لەگەڵ ئەسەد تێهەڵچنەوە لەم ڕووەوە نموونەیەکی گاڵتەجاڕانەیە— ئەوا بەردەوام ڕەوایەتی خۆیان کەم دەکەنەوە و خۆیان وەك پاڵپشتیکەری متمانەپێکراوی دیموکراسی و خۆبەڕێوەبردنی باش و حوکمی یاسا دەکەنە دەرەوە.

*** بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشە و تەنگژەیەك دەبێت بە دوای هۆکارە ڕیشەییەکانیدا بگەڕێین و چارەسەریان بکەین، کە دەکرێت ئەمە بەسەر سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی گرووپێکی تیرۆریستی وەك داعشیشدا جێبەجێ بێت، بە واتایەکی دیکە دەبێت ئەو کێشە بونیادییانە چارەسەر بکرێت کە بوونەتە هۆی هاتنەئارای ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش، شیکردنەوە و خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- هەر ئایدیۆلۆژیایەك، هەرچەندە لادەر بێت، ئەگەری ئەوەی تێدایە سوود لە بەردەوامبوونی دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی و گەندەڵی و زەلیلکرد و ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ببینێت. دیدی ژیان و ئاسۆکانی داهاتوو فرمانی ڕاستەوخۆی ژینگە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە کە تاکەکان تیایدا گەشە دەکەن. ئەگەر ئەوانە ئامادەنەبن بۆ گەشە و پەرەدانی کەسی، ئەوا هەمیشە زەمینە دەڕەخسێنن بۆ بێهیوایی و نارازیبوونی سیاسی و پاشان بۆ ڕق و کینە و دواجاریش بۆ توندڕەوی و توندوتیژی لەژێر ناوی هەر ئایدیۆلۆژیایەکدا بێت کە مانایەك ببەخشێت و ئینتیما دروست بکات. لەم ڕووەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا زۆرترین ژمارەی ڕژێمی نادیموکراتییان لەخۆ گرتووە، هەروەها زۆرترین ژمارەی بزووتنەوەی زۆر توندڕەو و دژە سیستەم و لە ڕووی ئایینی هاندەرەکانیان لەخۆگرتووە و ژمارە و هەمەچەشنی

ئەو گرووپانەش ڕوو لە زیادبوونە.

*** تێکشکاندن و شکستپێهێنانی داعش پێویستی بەوەیە هەموو لایەك ئەوپەڕی توانایان بخەنەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی، ئێستاش داعش ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵ کردووە کە زۆربەی دانیشتووانەکەیان سوننەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت پاڵنەر و هاندەرێك بۆ سوننەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لە لەناوبردنی داعشدا؟ ئایا درووستکردنی دەوڵەتێکی سوننە ڕێگاچارەیەکی عەمەلی و لەبارە بۆ ئەوەی سوننەکان دەست بدەنە بەرپەرچدانەوەی داعش؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەندجار بەڕوونی دووپاتیکردووەتەوە کە هەر دارشتنەوەیەکی سنوورە هەرێمایەتییەکان لە ناوچەکەدا لەئێستادا ڕوونادات. بەڵام ئەمە پێچەوانەی گۆڕانە بەردەوامەکانە لەسەر زەمینی واقیع، بەتایبەتی لە سووریا و عێراق، کە دەسەڵاتدارانی ناوەندی لەمێژە ناتوانن بەهێز کۆنترۆڵیان هەبێت. لە کاتێکدا داعش و لایەنە توندڕەوەکانی تر توانیویانە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن بەسەر بەشێکی دیاریکراو لە سووریا و عێراقدا، هەروەها لە کاتێکدا کە درووستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە باکووری عێراق بووەتە ئەمری واقیع، لە هەمان کاتدا دروستبوونی دەوڵەتێکی تەواو سوننی —سەرەڕای ئەگەری بەدڵبونی لەلایەن هەندێك لەناوچەکەدا— ئەوا کاریگەری زیانبەخشی دەبێت لەسەر سەرتاپای ڕێکخستنە ناسەقامگیرە جیۆپۆلیتیکییەکان و خۆی لەخۆیدا نائەمنییەت نەك خاوتر بەڵکو، خێراتر دەکات و ناسەقامگیری زیاتر دروست دەکات.

*** چۆن لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە ئازادکردنی شنگال دەڕوانیت و ئایا ئەو گورزوەشاندنە لە داعش و ئازادکردنی ئەو شارە چ گۆڕانکارییەك لەم شەڕەدا دروست دەکات و چۆن تین و تاو بە ستراتیژیەتی تێکشکاندنی ئەم گرووپە تیرۆریستیە دەدات؟**

- گرتنەوەی شنگال لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە لە ناوەڕاستی مانگی یانزەدا نیشانەیەکی گرنگ بوو لەبەر ئەوەی سەلماندی کە لایەنە ناوچەیی و ناوخۆییەکان بە پاڵپشتی ئاسمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، دەتوانن بەر بە داعش بگرن و تا ڕادەیەك داعش تێکبشکێنن. بەڵام نابێت باوەڕ بەوە بکەین کە ئەو سەرکەوتنە بەرەوپێشچوونی زیاتری درووستکردووە لە شەڕ لەدژی داعش، بەڵکو ئەوە پەلامارەکانی پاریس بوون لە هەمان کاتدا و هەروەها لەگەڵیشیدا ئەو بیرکەوتنەوە ئازاربەخشە بوو کە توندڕەوی لەڕاستیدا وەك هەڕەشەیەکی بۆ کۆمەڵگە و سیستەمە ڕۆژئاواییەکان بەرجەستە کرد، کە بە لانی کەمەوە هەندێك لە لایەنەکانی ڕۆژئاوای هاندا کە لەڕووی سەربازییەوە لە سووریا و عێراقەوە بگلێن.

*** کورد بنیادنانی دەوڵەت بە مافی خۆی دەزانێت و لەم ڕووەشەوە هەوڵ و هەنگاوەکانی دەست پێکردووە، لە هەمان کاتدا کورد ئەوە بە ڕەوا نازانێت کە چارەنووسی خۆی بە دەوڵەتێکی شکستخواردووی وەك عێراقەوە گرێ بدات، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم دەوڵەتە پێویستی بە پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- درووستکردنی دەوڵەتی کوردستان بووەتە ئەمری واقیع و بەلانی کەمەوە دەوڵەتی کوردستان لەوەدا کە پێی دەووترێت هەرێمی کوردستانی خۆبەڕێوبەر خۆی نمایش دەکات. لەکاتێکدا ئەمە ئاماژەیە بە کێشانەوەی سنوری سایکس پیکۆ و بەباشی لەلایەن زۆر هێزی ناوچەکەوە وەرناگیرێت، بەتایبەتی تورکیا و ئێران و ڕژێمی سووریای بەشار ئەسەد. بەڵام دەوڵەتی کوردی لەمێژە بووەتە دیفاکتۆ، هەرچەندە هێشتا ئیعترافی یاسایی لایەنە بەهێزە دەرەکییەکانی وەرنەگرتووە. لەڕاستیدا چەندین وڵات و ڕێکخراو لەمێژە شاندی دیپلۆماسی و نووسینگەیان لە هەولێردا هەیە و ژمارەکەش ڕوو لەزیادبوونە. بەڵام ئەوەی کە ئیعترافی یاسایی دواجار ڕووبدات، ئەوا ئەمە بە ڕاددەیەکی زۆر پشتدەبەستێت بە ئامانجە هەرێمایەتییەکانی پرۆژەی دەوڵەتی کوردییەوە.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی، کەسایەتییەکی خاوەن سەنگ و قورسایی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە، بە چەشنێك کە ناتوانرێت ڕۆڵ و نەخشی ئەو لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکاندا لەبەرچاو نەگیرێت، کە ئەمەشمان بەم دواییە لە سەردانەکەیدا بۆ عەرەبستانی سعودیە بەدی کرد، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەردانەکەی مسعود بارزانی بۆ سعودیە بەڵگەیەکی تری بووژانەوەی پێوەندییەکانە لەنێوان سعودیە و کوردەکان. سەبارەت بە سعودیە، ئەم سەردانە تەواو گرنگ بوو لەبەر ئەوەی ڕەوایەتی و ئیعترافی دا بە بارزانی و لێرەشەوە ئیعتراف و قبووڵکردنێکی ئاشکرا کە خۆی و کوردەکان وەك هاوبەش دەبینرێن، بەتایبەتی لەشەڕی دژی داعشدا. هەروەها سەبارەت بە کوردەکان سەردانەکە گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی پێویستیان بە یارمەتی دارایی هەیە و زیاتریش دابینکردنی چەك و تەقەمەنی سەربازی ئەگەر شەڕیان لەدژی داعش بەردەوام بکەن. لە گۆشەنیگای سعودیەوە، کۆبوونەوەی نێوان شا سەلمان و بارزانی دەرئەنجامێکی لۆژیکییە بۆ سعودیە کە قبووڵی هەبوونی حکومەت شیعە لە بەغدا دەکات و لە جۆرێك لە هاوکاری نێوان عێراق و ئێران گەیشتووە و بەمانا فراوانەکەی ناتوانرێت خۆ لە کورد لابدات، ئەگەر دەیەوێت ئەو هەڕەشانەی داعش درووستی کردووە، ئیحتیوا بکرێن. هەروەها لە دیدی ڕیاز-دا دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق، بووەتە پەرەسەندنێکی خوازراو لەبەر ئەوەی سنوور بۆ دەسەڵاتی شیعەکان دادەنێت و لێرەشەوە بۆ حکومەتەکەی بەغدا بە سپۆنسەری ئێران.

**دیدی ژیان و ئاسۆکانی داهاتوو فرمانی ڕاستەوخۆی ژینگە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە کە تاکەکان تیایدا گەشە دەکەن. ئەگەر ئەوانە ئامادەنەبن بۆ گەشە و پەرەدانی کەسی، ئەوا هەمیشە زەمینە دەڕەخسێنن بۆ بێهیوایی و ناڕازیبوونی سیاسی و پاشان بۆ ڕق و کینە و دواجاریش بۆ توندڕەوی و توندوتیژی لەژێر ناوی هەر ئایدیۆلۆژیایەکدا بێت**

**هەتا دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی و داپڵۆسین و ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا، ژینگەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بە ڕادیکاڵبوون هەر دەمێنێت**

**درووستکردنی هەر هاوپەیمانییەکی دژە تیرۆر ناتوانێت بەرژەوەندییە هەمەچەشن و ناوچەییەکانی هەموو کاراکتەرەکانی کە تێوەگلاون بگۆڕێت و چارەسەری دابەشبوونە دەستکردە ئاشکراکانی نێوان سوننە و شیعەکان بکات**